خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا        لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان رەئوف        ئەرسەلان حەسەن
باوان عومەر        بابان ئەنوەر

# کوردو
# مێژووی جەژنی نەورۆز

پرۆفیسۆری یاریدەدەر
د. کەیوان ئازاد ئەنوەر

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

له بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیره (124)

ناوی کتێب: کوردو مێژووی جەژنی نەورۆز
بابەت: لێکۆڵینەوەی مێژوویی
ناوی نووسەر: پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. کەیوان ئازاد ئەنوەر
دیزاینی بەرگ: ئومێد محەمەد
دیزاینی ناوەوە: ئاراس شەریف
هەڵەچن: نیاز کەمال- کەیوان عومەر
تیراژ: 500 دانه
ساڵی چاپ: 2016
چاپ: چاپخانەی دلێر
نرخ: 3000 دینار
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانه گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1394)ی ساڵیی پێدراوە

# کوردو
# مێژووی جەژنی نەورۆز

پرۆفیسۆری یاریدەدەر
د. کەیوان ئازاد ئەنوەر

2016

## پێڕست


پێڕست.................................................................... 5

پێشکەش.................................................................. 7

پێشەکی................................................................... 9

باسی یەکەم: چەمك و زاراوەی نەورۆز............................... 13

باسی دووەم: نەرۆز لە روانگەی زانستی مێژووەوە............. 21

باسی سێیەم: لەنێوان جەژنی نەورۆز و دەوڵەتی ماددا....... 31

باسی چوارەم: نەورۆز لەنێوان ئەستیاگزی و زوحاکدا........................ 39

باسی پێنجەم: زوحاك و کاوە لە دەقە مێژووییەکاندا.......... 59

باسی شەشەم : ساڵنامەی کوردی و مێژووی نەورۆز.......... 75

بەشی حەوتەم: نەورۆز لە تێڕوانینی خەلافەتی ئیسلامیدا..... 83

باسی هەشتەم: (کورد) چۆن لە (نەورۆز) بڕوانێت؟........... 95

ئەنجام.................................................................... 105

سەرچاوەکان............................................................ 107

نووسەر لە چەند دێڕێکدا.................................................. 131

پەراوێزەکان........................................................... 140

**پێشکەش:**

ئەم بەرهەمە پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی (جەژنی نەورۆز) وەك (جەژنێکی نەتەوەیی) پیرۆز دەکەن، نەوەك تەنیا وەك رۆژێك بۆ گەشت و سەیران.

## پێشەکی

نەورۆز، وەك جەژنێكی مێژوویی و نەتەوایەتی بۆ کورد، مێژووییەکی کۆنی هەیە، هەربۆیە لەگەڵ کۆنیدا تێکەڵ بە راستی و ئەفسانە کراوە. بە هۆی گەورەیی و گرنگیشییەوە سەرنجی چەندین مێژوونوس و نوسەر و گەشتیار و خۆرهەڵاتناسی بۆ لای خۆی راکێشاوە، کە بەشێك لەوان نووسەرو پێنووس بە دەستەکانی کورد بوون. تەنانەت چەندین هۆنەری کورد و نەتەوەکانی تر باسیان لەم جەژنە و مێژووەکەی کردووە. بەشێکی زۆری ئەوانەشی ئەم بیرەوەرییە گەورەییەی کورد سەرنجی راکێشاون، هەوڵیانداوە بەو دەقە ئەفسانەیەوە بیبەستنەوە، کە سەردەمانێکە ناوی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاك)ی لێنراوە.

لێرەوە بۆ ئەوەی پەردە لەسەر چەند راستییەکی مێژوویی لابەرین و تاکە جەژنێکی نەتەوایەتیمان بە ئەفسانەیەکی دروستکراو نەبەستینەوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە ئامادە کرا. دیارە ئەگەرچی ئێستاش لەم لێکۆڵینەوەیەدا کورتی و سادەیی پێوە دیارە و وەك پێویست نەچوینەتە قوڵایی تۆمارە مێژووییەکانەوە،

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی کەم بایەخمان ئەنجام نـەداوە، چونکە دوای پشتبەستن بەزیاتر لە (سەد) سەرچاوەی کۆن و نوێ و بەچەندین زمانی جیاجیا، ئەم بەرهەمە ئامادەکراوە و نووسراوە، بۆیە هیوادارم کورتی و پوختی لێکۆڵینەوەکە لە بایەخی نوسینەکەی نەهێنابێتە خوارەوە.

سەرەتاش ئـەوەی لێرەدا دەمانەوێت سەرنجی بخەینە پاڵ ئەوەیە، کە مەرج نییە ناوەڕۆکی ئەو بەرهەمە بە دڵی هەموو کورد و خوێنەرانی بێت، چونکە تا ئێستاش لای هەندێك (کاوە) قارەمانی کورد و (زوحاك) ستەمکاری مێژوو بووە! ئەمەو لای ئەوان هەر (کاوە) بووە، کە سەری زوحاکی پانکردۆتەوە و نەتەوەی کوردی لە ستەم و چەوساندنەوە رزگار کردووە، بۆیە یادکردنەوەی ئەم جەژنە بۆ سەرکەوتنی (کاوە) بە سەر (زوحـاك)دا باسی لێوەکراوە! بۆیە ئەم باسە بۆ ئەوە ئەنجامدراوە، تا سنورێك بۆ ئەو هەڵانە دابنرێت، کە گەورەیی ئەو جەژنەیان خستۆتە ژێر پرسیارەوە.

لە دوا پەیڤیشدا نامەوێت ئەو راستییە لە کەس بشارینەوە، کە لە لێکۆڵینەوەکەماندا بێلایەن نەبووین،

لەکاتێکدا دەبوایە وەك توێژەرێکی ئاکادیمی و پسپۆڕ لەبواری مێژوودا بێلایەن بین، بەڵام لەبەر ئەوەی خودی خۆمان باوەڕمان بەو ئەفسانەیە نەبووە، کە مێژووی جەژنەکەی لەسەر بنیاتنراوە، بۆیە هەوڵماندناوە بۆ خستنەڕووی راستییەکان و زیاتر سەلماندنی راکانمان لەسەر مێژووی راستەقینەی جەژنەکە، توێژینەوەکە دابڕێژین، کە رووی راستەقینەی جەژنەکە بخاتەڕوو. کۆتایی بەو هەڵانە بهێنین، کە چیرۆکی جەژنەکەی لەسەر بنیاتنراوە. لەو کارەشدا زۆر بە وردی ئاماژەمان بە هەڵەکانی ئەفسانەکە و بەستنەوەی بە (جەژنی نــەورۆز)ەوە کــردووە، بۆیە بەوکارەشمان تا ئاستێك خۆمان لە لایەنگری پاراستووە. هیواداریشین هەمووان بەو چاوەوە لێ بڕوانین، لەگەڵ ئازادیم بۆ بیروبۆچوونە ئازادەکان و ئەوانەی رەخنەی لێدەگرن. لاشمان وایە نوسین و بەرهەمێك رەخنەی لێنەگیرا (نوسین) نییە، گرنگ ئەوەیە لەسەر حیسابی زانست و راستییە مێژوییەکان نەبێت.

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر کەیوان ئازاد ئەنوەر**

**1ی ڕێبەندانی2715کوردی**

**سلێمانی**

# باسی یەکەم
# چەمك و زاراوەی (نەورۆز)و کاتەکەی
# لەڕوانگەی زانستی جوگرافیاوە

چەمك و زاراوەی (نــەورۆز):- چەمکی وشەی (نەورۆز) لە زاراوەیەکی پەهلەوی کۆن وەرگیراوە، کە (نوروز)ە. زاراوەکەش لە دوو بڕگەی (نو) واتە (نوێ) و (روز) واتە (رۆژ) پێکهاتووە و بەهەردوو بڕگەکەش واتــای (رۆژی نــوێ)ی بەخشیووە(1). لە زمانی پەهلەوی کۆنیشدا بە (نۆکرۆج-Nokroc) هاتووە، کە هەمان مانای بەخشیووە(2). (ئەبو نواس)یش وەك شاعێرێکی عەرەبی سەردەمی عەباسی یەکەم، کە لە سەدەی دووەمی کۆچی بەرامبەر بە سەدەی هەشتەمی زایینی ژیاوە بە (ئەلنوکروز-النوکروز) دەری بــڕیــووە(3). (ئەلمەقەدسی)ش کە ساڵی (387ك/997ز) کۆچی دوایی کردووە، لەکتێبەکەیدا (البدء و التاریخ) زاراوەی (نەورۆز)ی بۆ هەمان مانا گێڕاوەتەوە، بەڵام ئەو پێی وابووە وشەی (نەورۆز)، کە هاوکات یەکەمین رۆژی مانگی (فەروەردین)ی ئێرانییە، لەوەوە ناونراوە، چونکە یەکەمین دەرکەوتنی خۆر لەو رۆژەدا بووە. بەوەش رۆژێکی نوێ دەرکەوتووە، بۆیە ناونراوە (نەورۆز)(4). ئەمەش باوەڕی گەلانی کۆن بووە، کە لایانوابووە یەزدان رووناکی لەو رۆژەدا

دروستکردووە(5). دیارە ئەگەرچی ئەم بۆچوونەش زانستی نییە، بەوەی تائێستاش نازانرێت یەکەمین دەرکەوتنی خۆر کەی بووە؟ بەڵام پێدەچێت مەبەستی ئەو مێژوونووسە عەرەبی و ئیسلامییە ئەوە بووبێت، کە (نەورۆز) یەکەمین ڕۆژی ساڵ و ژیانەوەیە بە دەرکەوتنی خۆرەوە دوای وەرزی سەرما و بەفر و بارانی زستان.

(عەبدولعەزیم ڕەزایی)ش، کە توێژینەوەیەکی لەسەر نەورۆز ئامادەکردووە، بە (نۆکرۆج) دەری بڕیوە(6). هەمان زاراوەش لە فەرهەنگی زمانی فارسیشدا بە هەمان واتا هاتووە، بۆیە پێناچێت خودی زاراوەکە لەبنەڕەتدا نە کوردی و نە فارسی بێت، بەڵکو زاراوەیەکی ئێرانی کۆنە و چۆتە نێو هەردوو زمانی فارسی و کوردییەوە. (ئەحمەد ئەمین)یش پێوایە ئەم چەمکە بۆ قۆناغی زۆر دواتر و سەردەمی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی دەگەڕێتەوە و لە سەردەمی دەوڵەتی خەلافەتی ئومەویدا بەکارنەهێنراوە و زاراوەکە (نیروز)ی عەرەبییە نەوەك (نەورۆز) (7)، بەڵام ئەو بۆچوونە

دووره لە ڕاستییەوە، چونکە ئەم جەژنە نەك تەنیا وەك جەژنێکی نیشتمانی لای فارسەکان و نەتەوەیی لای کوردەکان نـاسراوە، بەڵکو لای نەتەوەکانی وەك (تاجیك و ئەفغان و بەلوچ و ئازەر، قیبتی) یش یادکراوەتەوە و یاد دەکرێتەوە. ئەمەو لای زەدەشتییەکانی هندستان بە (جەژنی ئافروزی پەتیتی) هاتووە، کە مەبەست لە (پەتیتی) مانای (تەوبەکردن) بووە. لە لوبنانیش بە (جەژنی نیریز) و لە وڵاتی میسر بە (نەورۆز)و لای قیبتییەکانی میسر و ئەسیوبییەکان بە (جەژنی شەهیدان) ناسراوە(8).

لەلایەکی دیکەوە جەژنەکە، کەوتۆتە یەکەمین ڕۆژی وەرزی ساڵ بۆ نیوگۆی باکوری زەوی، کە وەرزی بەهارە. واتا سەرەتای وەرزێکی نوێ ژیانە، کە بە هاتنی وەرزی زستانی سەخت و بەفر و باران کۆتایی پێدێت و ماڵئاوایی دەکات و بە دوایدا ڕۆژ و مانگ و وەرزێکی نوێ دەردەکەوێت، کە وەرزی بەهارە. کۆی ئەو وتانەش دەمانگەیەننە ئەوەی، کە (نەورۆز) بە مانای (ڕۆژی نوێ) هاتووە. مەبەستیش لە (ڕۆژی نـوێ) هاتنی ڕۆژ، مانگ و وەرزێکی نوێی بـووە لە ساڵدا. بەمەش ڕۆژەکـە یەکەمین

رۆژی ساڵێکی نوێیە. بەو پێیەشی پێگەی خاکی کوردستان لەسەر رووی زەوی کەوتۆتە نیوگۆیی باکور و بەری خۆرهەڵاتی ئەو نیو گۆییە، بۆیە خاك و دانیشتوانەکەی لە لایەك (باکوری) واتە (چیایی) و لە لایەکی دیکەوە بە (خۆرهەڵاتی) ناسراون. بەم پێگەیەش یەکەمین گۆڕانکاری دەرکەوتنی رۆژی نوێ لە ساڵدا کەوتۆتە (1ی نەورۆز)، کە لە ساڵنامەی زایینیدا بەر (21ی ئازار) کەوتووە. ئەم رووداوەش لە روانگەی زانستی جوگرافیاوە گۆڕانکارییەکی لەگەڵ خۆی هێناوە(9). ئەم واقیعەش وای لە نووسەرێکی کورد کردووە، کە جەژنی نەورۆز بە جەژنی هاتنی وەرزی بەهار و سەرەتای کرانەوە و جوانی سروشت بزانێت(10).

نـەورۆز لە روانگەی زانستی جوگرافیاوە:- جوگرافیاش بۆ زانستێکرۆڵی خۆی لە دەرکەوتنی ئەو جەژنەدا گێڕاوە. ئەوەش بەوەی، خودی جەژنەکە بەر لەوەی یاد و بۆنەیەکی مێژوویی بێت، هۆکاری جوگرافی لەپشتەوە بووە. ئەو هۆکارەش بۆ ئەوە گەڕاوەتەوە، کە گۆی زەوی، کە شێوەیەکی هێلکەیی وەرگرتووەو بەهۆی هێڵی ستوونی (ئیستوا) بۆ

دوو نیوە گۆ دابەشکراون، کە هەردوو نیوە گۆی باکور و باشورن. لەم رووەشـەوە بەو پێیەی گۆی زەوی لە ماوەی (365.25) رۆژدا بە دەوری خۆردا دەسورێتەوە، (چوار) وەرزی ساڵ دروست دەکات، کە وەرزەکانی(بەهار، هاوین، پاییز و زستان)ن. بەو پێیەش خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە کەوتونەتە نیوە گۆی سەروو، یەکەم رۆژی مانگی نـەورۆز، کە (21)ی ئـازار دەکـات، تیشکی خۆر بۆ ماوەی (سێ) مانگ بە لاری دەیدات لەو نیوە گۆیە. بەوەش سەرەتای وەرزێکی نوێ دەردەکەوێت و بـەردەوام دەبێت، کە وەرزی بەهارە، بەڵام لە (سێ) مانگی دواتردا، واتە لە نێوان (1ی رەزبەر تا 31ی پووشپەڕ) بەرامبەر بە(21ی حوزەیران تا 23ی ئەیلول)ی ساڵنامەی زایینی بە ستونی دەیدات لەو نیو گۆییە. بەمەش وەرزی هاوین دێت، کە وەرزێکی گەرم و وشکە. لە کاتێکدا ناوچەکانی نیوە گۆی باشور لەکاتی یەکەمدا دەبێتە وەرزی پاییز و لەکاتی دووەمدا دەبێتە وەرزی زستان. ئەوەش بەوەی ئەو کاتەی تیشکی خۆر بە ستونی دەیدات لەنیو گۆی سەروو، زۆر بە لاری دیدات لەنیو گۆی خواروو،

بۆیە لەنیو گۆیی باکور دەبێتە (هاوین) و لەنیو گۆی باشور دەبێتە وەرزی زستان. بەو پێیەشی بەر لە وەرزی (زستان) وەزری (پاییز)ە، بۆیە ئەو کاتەی لە نیوە گۆی سەروو (بەهار)ە لە نیو گۆی خواروو (پاییز)ە. ئەو کاتەشی لە نیو گۆی سەروو (هاوین)ە لە نیو گۆی خواروو (زستان)ە، پێچەوانەکەشی هەر راستە(11).

بە واتایەکی دی بەو گۆڕانکارییە نیوە گۆی سـەروو لە وەرزی زستان رزگـاری دەبێت و نیوە گۆی باشوریش لە وەرزی هاوین. لەو روانگەیەوە سەرەتای بەهار و یەکەم رۆژی، کە رێکەوتی جەژنی نـەورۆزە دەکەوێتە سەرەتای ئەو گۆڕانکارییەوە، بۆیە کۆمەڵانی کونی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و لە نێویشیاندا کۆمەڵانی میسۆپۆتامیا وەك (سۆمەری، ئەکەدی، ئاشوری، میسری کۆن و هەروەها سوئی، لۆلۆیی، کوتی، خوری، کاشی و میتانی...تاد)، ئەو گۆڕانکارییەیان هەستپێکردووە و وەك رۆژێکی نوێ و وەرزێکی نوێی ژیانیان سەیریان کردووە و لێیان روانیووە و یادی ئەو رۆژەیان بە بەردەوامی و خۆشی و ئاهەنگەوە کردۆتەوە.

# باسی دووەم
# (جەژنی نەورۆز) لە روانگەی مێژووەوە

کاتێك دەمانەوێت سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی جەژنەکە دیاری بکەین، دەکەوینە نێو چەندین سەرچاوە و بیروڕای جیاواز لەسەری، کە زۆربەیان لە ئەفسانە کۆنەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. ساغکردنەوەو راستی و ناڕاستی ئەو رووداوە و ئەفسانانەش، دەیان توێژینەوەی گەورەی پێویستە، تا رەسەنایەتی ئەو جەژنە لە ئەفسانە هەڵبەستراوەکان جیابکاتەوە، چونکە لە گەورەیی ئەو جەژنەیان هێناوەتە خوارەوە.

سەرەتا نابێت ئەوە لەیاد بکەین، کە بەو پێیەی (نەورۆز) وەك سەرەتای رۆژ و یەکەم مانگ و وەرزی ساڵ لێیڕوانراوە و چەندین مێژووی بۆ بیرەوەرییەکان دروستکردووە، هەر بۆیە زۆرترین سەرنجی هۆنەر و نووسەر، مێژوونووس و تەنانەت خەڵکانی دی بۆ لای خۆی راکێشاوە، تا ئەوەی زۆرترین هۆنراوە بۆ وەرزەکە، کە (بەهار)ە بۆیادەکە هۆنراوەتەوە(12).

لەڕووی مێژووییەوە باس لەوە کراوە، کە یەکەمین کەسێك یادی جەژنی نەورۆزی کردۆتەوە (جەمشید)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی پیشدادییەکان

بـووە(13). خودی ئەو پادشایەش لای عەرەبەکان بە (مەتوشلخ) هاتووە(14). (مەتوشڵخ)یش کوڕی (ئیدریس/س.خ)ی پەیامبەر و باپیری (نوح/س.خ) پەیامبەر بــووە(15). کاتێکیش دەچینە نێو ئەو تـۆمـارانـەوە دەگەینە ئــەوەی، کە (مەتوشڵخ) لەسەردەمی سۆمەرییەکاندا ژیاوە لەسەر خاکی ئێراقی ئێستا نەوەك لە وڵاتی ئێران(16). ئەمەو لەتۆمارەکانی مێژووی کۆندا ئەوە ساغکراوەتەوە، کە هەریەك لە (ئیدریس و نوح) وەك (دوو) پەیامبەری مێژووی مرۆڤایەتی خەڵکی شاری (ئور)ی سۆمەری بوون لەباشوری ئێراقی ئێستا و هیچیان لە ئاست پایەی پادشادا نەبوون، ئیتر جێگەی سەرنج و پرسیارە کەسێکی وەك (متوشڵخ)ی کرابێتە (جەمشید) وەك پادشا لە وڵاتی ئێراندا فەرمانڕەوایەتی کردبێت؟ (د.جـەواد برومەند سەعید)یش (جەمیشد)ی بە یەکەمین دروستکراوەی پەروەردگار زانیووە، کە لەیەکەم ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا دروستکراوە(17). مەبەستیش لەیەکەمین دروستکراو، (ئادەم/س.خ)

بــووە، کە ئەویش باوکی مرۆڤایەتی و باپیرە گەورەی (مەتوشلخ) واتە (نوح/س.خ) بووە(18). هەروەها بەر لەوەی ئەم جەژنە بە ڕووداوێکی ئەفسانەییەوە ببەسترێتەوە، کە (کاوە و زوحاك)ە، سۆمەرییەکان وەك یەکێك لە کۆنترین کۆمەڵانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و میسۆپۆتامیا بەر لە (سێ هــەزار) ساڵ پێش زایین و بابلییەکانیش بەر لە (دوو هەزار) ساڵ پێش زایین، یادی ئەم جەژنەیان کردۆتەوە. جەژنەکەشیان بە ڕۆژی دار و درخت و ســەوزایــی و دابارینی بەخشندەیی خــودا لە ئاسمانەوە بۆ بەندەکانی لەسەر زەوی زانیووە. واتە ئەو راڤەیان بۆ (نەورۆز) کردووە، کە پەروەردگار ساڵانە و لە یەکەمین ڕۆژی ساڵدا بەخشندەیی تەواویی ساڵەکەی بەسەر زەوییدا بــارانــدووە. ئەوەش کاتێك مرۆڤە بەندەکانی خودا لەو ڕۆژەدا ڕووخۆش و دەم بە خەندە بووبن و پۆشاکی نوێیان لەبەر کردبێت و بۆنی خۆشیان لە خۆیان دابێت. ئەوەش بەو مانایە بووە، کە مرۆڤە بەندەکان لە

بەخششەکانی پەروەردگار رازیبوون، بەڵام ئەگەر ئەو رۆژە مرۆڤەکان خەمناك و پەست و رووگرژ بووبن، ئەوا مانای ئەوە بووە، کە بەندەکانی خودا بەو هەموو بەخششانەی خودا نـاڕازی نەبوون، بۆیە پەروەردگار لەبری بارینی بەخششەکانی بۆ ساڵی نوێ، تورەیی خۆی بەسەریاندا باراندووە. ئەم لێکدانەوەیەی سۆمەرییەکانیش بۆ هاتنی ئەو رۆژە، بۆتە باوەڕی ئەو کۆمەڵ و دانیشتوانی میسۆپۆتامیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست و ساڵانە وەك ئەرکێکی ئایینی یادیان کردۆتەوە. لەم ئەرکەشەوە نەریتی ئایینی بۆ ئەو یادکردنەوەیە سەری هەڵداوە(19).

هەر لەم چوارچێوەیەدا (ئیبن قوتەیبە)(20)و (مەقریزی)(21)وەك (دوو) مێژوونووسی عەرەبی و ئیسلامی و (بەدلیسی)(22) وەك مێژوونووسێکی کورد هەوڵی ئەوەیانداوە ئەم جەژنە بە کوردەوە ببەستنەوە و وەك جەژنێکی مێژوویی کورد بیناسن، بەڵام باسیان لەڕیشەی مێژوویی جەژنەکە

نەكردووە. بەپێچەوانەی ئەوانیشەوە هەریەك لە (جاحیز)(23)و (نویری)(24)و (نەوفل موحەممەد نوری)(25)،كە ماستەرنامەیەكی لەسەر جەژن و بۆنەكانی شاری (بەغداد) لە سەردەمی عەباسیدا ئامادە كردووە، مێژووی جەژنەكەیان بۆ فارسەكان گێڕاوەتەوە، نەوەك كوردەكان.

لە قۆناغی دواتریشدا و لەگەڵ دەركەوتنی ئایینی زەردەشتی یادی ئەم جەژنە وەك بۆنەیەكی ئایینی كراوەتەوە و بڕوایان وابووە، كە ئەو جەژنە هۆكاری گۆڕینی دونیایی ماددییە بۆ دونیایی هەتاهەتایی(26). بەو پێیەشی دەركەوتنی ئایینەكە بۆ (زەردەشتی كوڕی پورشاسپ) دەگەڕێتەوە، كە بەپێی چەندین سەرچاوەی باوەڕپێكراو بۆ ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە(27)، بۆیە لەو سەردەمەوە جەژنەكە بەو باوەڕە ئایینییە بە سەرەتای دەركەوتنی بەخششەكانی پەروەردگار بۆ بەندەكانی و كۆتایی لێپێچینەوەش لە هەڵەو كەم و كوڕییەكانی ساڵی

رابـردو نـاسراوە. ئامانجیش لـەوە ئەژمارکردنی خەرمان و کـرداری ساڵی رابـردووی هەر تاکێك بووە لای پەروەردگار بۆ رۆژی دوایی. تەنانەت (هاشمی رەزی) یەکەم رۆژی جەژنی نەورۆزی بە رۆژی لەدایکبوونی (زەردەشتی کوڕی پورشاسپ) داناوە(28)، بۆیە ئاسایی لەو سەردەمەوە یەکەم رۆژی وەرزی بەهار، کە دەکاتە (1ی نەورۆز) وەك جەژنێکی پیرۆز سەیر کراوە و یاد کراوەتەوە. بەو پێیەشی دەرکەوتنی ئەم ئایینەو پەیامبەرەکەی لە سنوری قەڵەمڕەوی (دەوڵەتی ماد)دا بووە(29)، بۆیە ماددەکانیش ئەم بۆنەیان وەك جەژنێکی ئایینی لەچوارچێوەیەکی سیاسیدا کردۆتەوەو بایەخیان پێداوە(30).

دوای (دەوڵـەتـی مـاد)یـش هـەریـەك لە دەوڵـەتـانـی هەخامەنشینی و ئەشکانی و بەدوایشدا ساسانییەکان نەورۆزیان وەك جەژنێکی گـەورە سەیر کـردووە و ساڵانە لەپاڵ (جەژنی میهرەگان)دا یادیان کـردۆتـەوە. لـەم بـوارەدا

ساسانییەکان لەوجەژنەدا باج و دیاری بەنرخیان پێشکەشی پادشاکانی ساسانی کردووە و بۆ ماوەی (شەش) رۆژ ئاهەنگیان بۆگێڕاوە(31). ئەمەو لەو جەژنەشدا پادشاکانی ساسانی تاجیان کردۆتە سەر و ئاڵوگۆڕیان بە پۆستەکانی دەوڵـەت کردووەو سکەی پارەی نوێیان لێداوە و ئاتەشکەدەکانیان پاککردۆتەوە(32). تەنانەت لەگەڵ هاتنی یەکەم رۆژی جەژنەکەدا خۆیان شتووە و پۆشاکی نوێیان لەبەر کردووە(33). (خسرەو پەروێزی ساسانی)ش، کە لەنێوان ساڵانی (590-628ز)دا فەرمانڕەوایەتی کردووە، لەگەڵ هاتنی جەژنی نەورۆزدا بۆ ماوەی (دوو) هەفتە دەچـووە باخەکەی بە خۆشی و بـەزم و شایی لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەی، میوانەکانی، گەورەکانی کۆشك و وڵاتەکەی بەسەری دەبرد(34).

لە دوای رووخانی دەوڵەتی ساسانیش لەساڵی (641ز) و دەرکەوتنی دەوڵەتی خەلافەتی راشدی، یادکردنەوەی ئەو جەژنە رووی لە کاڵبوونەوە

بوو، بەڵام بە زیندوویی مایەوە یادکرایەوە، وەك لە بەشی حەوتەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرنجی دەخەینە پاڵ.

بەدەریش لەو ڕووداوانە بۆ مێژووش پێویستە ئاماژە بە ڕاستییەك بکەین، کە (سوڵتان مەلکشای سەلجوقی)ش یەکەمین دەسەڵاتداری سیاسی بوو لەساڵی (467ك/1074ز) لیژنەیەکی لە هەریەك لە (عومەری خەیام، عەبدولکەریم ئەلخازنی، موزەفەر ئەلئەسفزازی) پێکهێنا بۆ چاککردنی ساڵنامەی ئێرانی. لیژنەکەش ساڵنامەکەیبە مانگی فەروەردین و یەکەم ڕۆژی ئەو مانگەشی بە (نەورۆز) وەك سەرەتای گۆڕانێکی سروشتی و سەرەتای وەرزێکی نـوێ، کە بەهارە دیاریکرد. تەنانەت (عومەر خەیام) بۆ ئەومەبەستە (نەورۆزنامە)ی داناو پێشکەشی سوڵتانی سەلجوقی کرد(35).

# باسی سێیەم
# لەنێوان (جەژنی نەورۆزو دەوڵەتی ماد)دا

کوردستان و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە دوای شاڵاوی کۆچی (هندو ئەوروپای)یەکان قۆناغێکی تریان بەخۆوە گرت(36)، سیمای چەند گەلێکیان هێنایە دنیای بوون، کە پێشتر ناویان لە مێژوودا نەبوو. یەکێك لەو گەلانەش لە باشوری دەریاچەی ورمێ دەرکەوتن، کە دواتر بە (ئامادای- AMADAI) یان (میدی- MEDIOI) ناویان چووە تۆمارەکانی مێژووەوە. هەر وەك لە لای مێژوونووسی گەورەی یۆنانی (هـیـرۆدۆت/485-425پ.ز)یـش ئاماژەی پێکراوە(37). زۆری نەبرد لە سەدەکانی (هەشتەم، حەوتەم و شەشەم)ی پێش زایین سیمای دەوڵەتێکیان بەخۆوە گرت، کە بە (دەوڵەتی ماد) یان (دەوڵەتی میدی) لە مێژوودا ناسرا(38).

سەرهەڵدانی دەوڵەتێك بە ناوی (دەوڵەتی میدی) یان (دەوڵەتی ماد) لەساڵی(700پ.ز)(39) هاتە دنیای بوون و گۆڕەپانی سیاسی، ناوچەیی و جیهانی. دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتەش کەسایەتییەکی میدی بوو بە ناوی (دایکۆ)، کە هەر ئەم کەسایەتییە لای مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدۆت) بە (دیوکس)

هاتووە(40). ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم دەسەڵاتدارەی میدیش لە نێوان ساڵانی (700-673پ.ز) بوو، کە لە ماوەی (27ساڵا) فەرمانڕەوایەتیدا توانی شاری (ئاکباتانا(41)- هەمەدانی ئەمڕۆ) بکاتە پایتەختی دەوڵەتەکەی. دواتـر سەرجەم خێڵە میدییەکان یەکخست و (هەرێمیماننا)(42)ی بە ناوبانگ بە بەرهەمی دانەوێڵە و لە نێویشیاندا (گەنم)ی خستە ژێر دەسەڵاتی. ئەوەش دوای ئەوەی جەماوەری هەرێمەکە لەئەنجامی زیادکردنی باجەکان لەسەریان، راپەڕین و فەرمانڕەوای دەسەڵاتەکەیان(ئۆرارتو) (43) بە ناوی (ئاخشیری) کوشت. ئەم رووداوەش کوڕەکەی (ئاولیلی) ناچارکرد پەنا بۆ دەوڵەتی ئاشوری ببات، تا بۆ دەسەڵاتی بیگێڕێتەوە. لەم رووداوەشدا، جەماوەری هەرێمی (ماننا) داوایان لە پادشای میدی کرد بە هانایانەوە بێت و هەرێمەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. دواتر دەست بەسەر قەڵەمڕەوی دەوڵـەتـی ئـورارتـودا بگرێت(44). بەو رووداوەش دەوڵەتی ماد بە دەستگیربوونی هەرێمی ماننا باری دارایی باش بوو، بۆیە (دیاکۆ)

بیری لە پەلاماردانی ئێمپراتۆرێتی ئاشوری کردەوە. ئەوەبوولەهێرشێکدا، کە ساڵی (673پ.ز)دا (دیاکۆ) کردیە سەر ئاشورییەکان شکستی خوارد و بەدیلگیرا. دواتر بە خۆی و چەند ئەندامێکی خێزانەکەیەوە، کە لەو پەلاماردانە بەدیلگیرابوون، بۆ شاری (حەما)ی سەر بە ئیمپراتۆڕێتی ئاشوری دوورخرانەوە.

دوای ئـەو رووداوەش کـوڕەکـەی بە ناوی (فـراورتـیـس) شوێنی باوکی گـرتـەوەو درێـژەی بە سیاسەتی باوکی بـدات بۆ بەگژاچوونەوەی ئاشورییەکان، بەڵام ئەمیش لە شەڕێکدا لەبەرامبەر سوپای ئمیپراتۆرێتی ئاشوری لەساڵی (653پ.ز) کوژرا(45).

کوشتنی (فراورتیس) لەو شـەڕەدا بواریان بۆ خێڵێکی ئاسیایی بەناوی سکیسەکان رەخساند، تا کەم تەمەنی (کەی ئەخساری کوڕی فراورتیس) بقۆزنەوە، تا دەسـت بەسەر (دەوڵـەتـی مـاد)دا بگرن و بۆ ماوەی (28ساڵا) فەرمانڕەوایەتی بکەن (46). ئەوە بوو دواجـار (کەی ئەخسار) لەساڵی (625پ.ز) بەسەریاندا سەرکەوت و لە دەسەڵاتی

میدی دوری خستنەوە (47). بەوەش سەر لە نوێ توانایەکی نوێی بەو دەوڵەتە درایـەوە. بە دوایدا دژایەتیکردنی دەوڵەتی ئاشوری درێژەی کێشا. بۆ ئەو مەبەستەش کەوتە خۆ بۆ کۆکردنەوەی ئەو هێز و لایەنانەی دوژمنی سەرسەختی ئاشورییەکان بوون. ئەوە بوو توانی بە پەیمانێك دوژمنێکی گەورەی ئاشورییەکان، کە (دەوڵەتی کلدانی) بوو بهێنێتە چوارچێوەی سیاسەتەکەی خۆیەوە، تا بە هەردوولا پەلاماری ئیمپراتۆرێتی ئاشوری بدەن. سەرئەنجام رێکەوتنامەیەکی (کۆمەڵایەتی-سەربازی-سیاسی) بەدواهات. بەپێی ئەو رێککەوتنامەیەش (کەی ئەخسار)ی پادشای میدی کچەکەی خۆی بە ناوی (ئامیتس) دایە (نبوخوز نەسری کوڕی نەبوبەلاسەر) ی پاشای کلدانی. ئەوەش لە بەرامبەر هاوکاریکردنی سەربازی و سیاسی دەوڵەتی کلدانی بۆ دەوڵەتی میدی، بە مەبەستی لەناوبردنی ئیمپراتۆرێتی ئاشوری(48).

پەیمانەکە سـەری گـرت بـەوەی هــەردولا لە شالاوێکی هاوبەشدا ساڵی (612پ.ز)دا شاری

(نەینەوا)ی پایتەختی ئاشورییەکانیان گرت و سوتاند. (دوو) ساڵیش دواتریش (ئاشور ئۆبلەت)ی دوایەمین ئیمپراتۆری ئاشوری لە شاری (حەران)(49) ی دوایەمین قەڵای ئاشورییەکان بەدەستی مادەکان کوژرا. بەمەش سەرجەم سامان و میراتی ئەو دەوڵەتە زلهێزەی مێژووی کۆن لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد. لێرەوەش سنوری دەوڵەتی میدی لە باشورەوە گەیشتە (کەنداوی عەرەبی) و لە خۆرئاواشەوە گەیشتە (دەریای رۆم- ناوەڕاست) و لە باکوریشەوە گەیشتە (دەریای رەش).

بەم شێوازە (کەی ئەخسار) تا ساڵی (575پ.ز) فەرمانڕەوایەتی کرد و پاشان کۆچی دوایی کرد. دوای کۆچی دوایی ئەویش کوڕەکەی بە ناوی (ئەستیاگز) شوێنی گرتەوە(50)، کە دواتر بە (ئەژدەهاك- زوحاك) ناسرا. ئەم دەسەڵاتدارەش لە دوا رۆژەکانی دەسەڵاتی خۆیدا بەهۆی خەریك بوونی بە خواردنەوە و رابواردن، ئاگای لە قەڵەمڕەوی سیاسەتی دەوڵەتەکەی نەما. ئەمەش وای لە (کۆرشی کوڕی کەمبوجە)ی پارسی ئەخمینی کچەزای واتە (کۆرشی

کوڕی ماندانای کچی ئەستیاگز) کرد بە هاوکاری (هارپاك)ی گەورە وەزیری دەوڵەتەکەی، بە پیلانێك (ئەستیاگ) لەساڵی (550پ.ز)(51) بکوژێت(52). بەمەش کۆتایی بە (150) ساڵی دەسەڵاتی دەوڵەتی ماد هات و دەوڵەتی ئەخمینی پارسی شوێنی گرتەوە. بە واتا (دەوڵەتی پارسی- فارسی) لەسەر میراتی ئەو دەوڵەتە گەورەیە بنیاتنرا، کە ڕۆژگارێك بە (دەوڵەتی میدیا)یان (دەوڵەتی ماد) ناسرا.

کۆتایی هاتن بە دەسەڵاتی (دەوڵەتی ماد) بووە هۆی نامۆبوونی کورد بەو قەوارە سیاسیەی ماوەی (150 ساڵ) لە مێژووی کۆندا بنیاتینا. دوای ئەو ڕووداوانەش کورد و خوێنەرانی کەوتنە هەڵەیەکی مێژوویی، بەوەی دوای گەڕانەوە بۆسەرچاوە فارسی، عەرەبی و تورکییەکان، ناو و مێژووی دەوڵەتەکەو دەسەڵاتدارەکانی لێشوێندرا . لەوەش ترسناکتر (ئاستیاگز)ی دوایەمین پادشای دەوڵەتی مادیان، کردە (زوحاك)ی خوێنڕێژ و (کۆرشی پارسی)یش بووە (کاوەی ئاسنگەر)، کە خیانەتی لە باپیری خۆی کرد!

# باسی چوارەم
# (جەژنی نەورۆز) لە نێوان هەردوو ڕووداوەکەی (ئەستیاگزی پادشای ماد و زوحاك)دا

کاتێك دەمانەوێت بـەراورد لەنێوان هەردوو رووداوەکـەی سەردەمی (ئەستیاگزی کوڕی کەی ئەخسار)ی دوایەمین پادشای دەوڵەتی ماد و (زوحـاك)دا بکەین، دەگەینە ئەوەی کە ململانێی نێوان ئەو پادشایەی دەوڵەتی ماد لەگەڵ (کۆرشی هەخامەنشینی-کیانی)، کە لەهەمانکاتدا کچەزای خۆی بوو، هەمان ئەو رووداوەیە چوارچێوەیەکی ئەفسانەی بەناوی (کـاوەی ئاسنگەر و زوحاکی ستەمکار) لێکەوتۆتەوە، تا ئەوەی یەکەمیان بۆتە رووداوێکی راستەقینەی مێژوویی و دووەمیشیان بۆتە ئەفسانە.بۆ ئەم مەبەستەش ئاماژە بەو تۆمارە مێژووییە دەکەین،کە لەدوا ساڵەکانی سەردەمی فرمانڕەوایەتی ئەستیاگزدا لەگەڵ کۆرشی کچەزای روویداوە. دواتر بە دەقە ئەفسانەیەکە بەراوردی دەکەین، تا بە راستی رووداوە مێژووییەکە بگەین. رووداوەکەش ئەوەیە، کە (کۆرشی هەخامەنشینی) بەسەرهاتی باپیری و ململانێکەی لەگەڵی وەها دەگێڕێتەوە ''(ئەستیاگز) لە تەمەنی (دە) ساڵی

فەرمانڕەوایەتیدا خەونێکی بینی. لە خەونیدا پەڵە هەورێکی رەش ئاسمانی وڵاتەکەی تەنی و لەو پەڵە هەورەوە جەستەیەك لە شێوەی مرۆڤێکدا دەرکەوت و پەلاماریداو ویستی بیخنکێنێت، لەو کاتەدا (ئەستیاگز) بە ئاگا هات و لە ترسناکی خەونەکەی بانگی پاسەوانەکانی کـردەوە، تا موغەکانی لێ ئاگادار بکەنەوە و بانگهێشتی کۆشکی بکەن و خەونەکەی بۆ راڤە بکەن. ئەوە بوو دوای ماوەیەك موغەکان هاتنە کۆشك و پادشاش خەونەکەی بۆ گێڕانەوە، تا بۆی روونبکەنەوە. موغەکانیش لە وەڵامی پادشادا رایانگەیاند، کە پەڵە هەورە رەشەکە (کچەکەیەتی) و جەستەکەش لە شێوەی مرۆڤدا (کـوڕی کچەکەیەتی)و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەسەڵاتی لە دەست دەردەهێنێت، بۆیە باشتر بەر لەوەی ئەوە رووبدات، رێگە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە. ئەستیاگیزیش، کە تەنیا (ماندانا) ی کچی هەبووە تا ئـەو کـات شـوی نەکردبوو، لەسەر داوای موغەکان بڕیاریدا بیدات بە پیاوێکی

کەمدەستی رەگەزی پارسی تا نەوەکەی مافی شوێن گرتنەوەی نەبێت، چونکە لەو سەردەمەدا دەسەڵات بۆ پارس و رەگەزە نامادەکانرەوا نەبوو. سەرئەنجام (ماندانا) درا بە (کامبیزی پارسی) لە هەرێمی پارسی ئـەوپـەڕی باشوری دەوڵـەتـەکـەی. دوای ساڵێکیش (کۆرش) لەدایك بوو. ئەوە بوو لەسەر فرمانی (ئەستیاگز) کۆرشی منداڵا رەوانەی کۆشکی شاهانە کرا، تا کاری پێویستی لە دژ ئەنجام بدرێت. کاتێکیش منداڵەکە گەیەنرایە لای پادشا، بیری لە لەناوبردنی کـردەووە. بۆ ئەوکارەش (هارپاك)ی سەرۆك وەزیرانی راسپارد، تا کاری پێویستی لەگەڵ ئەنجام بدات.ئەوەبوو (هارپاك) منداڵەکەی لە کۆشك هەڵگرت و کاری لەناوبردنی بە بەرپرسی کاروباری باخەکانی سپارد. بەرپرسی باخەکانیش کارەکەی بە یەکێك لەباخەوانەکانی (هارپاك) سپارد. سەرئەنجام باخەوانەکە، کە ناوی (ئەسپاکۆ) بوو لە بری ئەوەی (کۆرش) بکوژێت، مەڕێکی سەربڕی و خوێنی مەڕەکەی لە جلی کۆرشی منالْدا. دواتر

جله خوێناوییەکەی بۆ بەرپرسی باخەوانەکان و ئەویش بۆ (هارپاك) و دواتر بۆ پادشا هێنرایەوە، تا بەو کارە خۆشحاڵی بکات. سەبارەت بەوەشی کە بۆ (ئەسپاکۆ) منداڵەکەی نەکوشت، لەسەر ڕاسپاردەی خێزانەکەی بوو، چونکە ئەوان خاوەنی منداڵ نەبوون و خێزانەکەشی پێشنیاری ئەوەی بۆ مێردەکەی کردبوو، کە ئەو منداڵە نەکوژن و بۆ خۆیان هەڵی بگرنەوە. بۆ ئەوەشی کەس درك بەوە نەکات پێشنیاری ئەوەی بۆ مێردەکەی کردبوو، لەبری منداڵەکە مەڕێك سەرببڕێت و خوێنەکەی لە جلی منداڵەکە بدات، تا کەس درکی پێ نەکات.

ڕۆژگار تێپەڕی (کۆرش) لە لایەن باخەوان و خێزانەکەیەوە بەخێوکرا و گەورە بوو، تابە هۆی ڕووداوێـکـەوە گەیشتە کۆشکی شاهانە. دواتر (کۆرش) بەو ڕووداوەی ڕابردوی خۆی زانی و کەوتە بیرکردنەوە لە تۆڵەکردنەوە لە ئەستیاگزی باپیری، بەوەی چۆن تەنیا لەبەر خەوێك هەوڵی کوشتنی داوە و ساڵانێك لە سۆز و خۆشەویستی دایك و

باوکی ڕاستەقینەی بێبەشی کردووە. ئەوەبوو دواجار بە هاوکاری (هارپاك)ی وەزیر بە سەر (ئەستیاگز)دا سەرکەوت و کوشتی و لەناوی برد. بە مەش خۆی کردە پادشا و دەسەڵاتی لە میدییەکانەوە بۆ بەرەی باوکی، کە هەخامەنشینییەکان بوو گواستەوە(53). هەر لێرەوەش (هیرۆدۆت)ی مێژوونووسی یۆنانی (هارپاك)ی بە بێ عەقڵترین و بێ ویژدانترین کەسی سەردەمەکەی پێناسە کردووە(54)، چونکە خیانەتی لەو پادشایە کرد، کە هەموو متمانەیەکی پێکردبوو. ئەمەو دەسەڵاتێکی لە بنەماڵەی خۆیانەوە، کە (مادەکان) بوون، بۆ ڕەگەز و بنەماڵەیەکی تر، کە (پارسەکان) بوون، گواستەوە!

لەڕووی ئەو کورتە مێژووییەی دەوڵەتی ماد و بەسەرهاتی ئەستیاگزی دوایەمین پادشای مادەکان، ئەم ڕاستییانە دەرئەنجام دەکەین:

یەکەم:- دەوڵەتی ماد ساڵی (700پ.ز) دامەزراوەو لەو ساڵەشەوە ساڵنامەی کوردی بۆتە واقیع. بەو پێیەش سەری ساڵی کوردی یەکەم ڕۆژی

مانگی نەورۆزە، ئاسایی دەبێت (دیاکۆ یان دیۆکس) لەو ڕۆژەدا بانگەشەی دامەزراندنی دەوڵەتی مادی کردبێت. تەنانەت ئاگرکردنەوەش لەسەر چیاکان بە مەبەستی ئاگادارکردنی سەرۆك هۆز و دانیشتوانی سەر زەمینی مادەکان بووە لەو ڕووداوە مێژووییە. ئەوەش نەریتێکی گەلانی کۆنی بووە.

دووەم:- (ئەستیاگز) زاراوەیەکی ئاڤێستاییە، کە بەشێوەی (ئەژدی هاك) هاتووە. ناوهێنانی ئەو زاراوەیـەش لە کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشتیدا، لەسەر ئـەو بنەمایە بــووە، کە پـەورەردگـار بە بەندەکانی فەرمووە، "ئـەو شوێنەی لە ڕۆژیی دواییدا بۆ خراپکارانی دروسـت دەکـەم (ئەژدی هاك)ی لێیە(55). مەبەستیش لە (ئەژدی هاك) واتە (ماری سوور)، کە پەروەردگار ویستوویەتی بە (ماری سوور) بەندەکانی بترسێنێت، تا ملکەچی بن و شوێن پەیامەکەی بکەون. هەمان زاراوەش لای فارسەکان بە (مـاری سێ سـەر) و لای خێڵەکانی ئاسیای ناوەڕاست بە (ماری حەوت سەر) هاتووە(56).

خودی زاراوەی (ئەژدهاك)یشو (زوحاك)ی عەرەبی، کە ئاسایی ئەو ناوەش لە (ضحك)ی عەرەبی واتا (پێکەنین و خەریکی بوونی پادشا بە رابـواردن وخۆشگوزەرانی) وەرگیراوە.

سێیەم:- سەرجەم ئەم رووداوانــە سـەرەڕای ئەوەی بۆ یەکەمجار لە لایەن خودی کۆرشەوە لە (تەختی جەمشید)ی پایتەختی دەسەڵاتەکەی لە (پرسپۆلیس)ی هەرێمی فارس نـوسراوە و چەند بەشێکی لەسەر دیوارەکانی هەڵکەنراوە.

سـەبـارەت بـەو ئەفسانەیەش، کـە بـاس لە (ئەژدیها) پێنجەم فەرمانڕەوای پێشدادییەکان و دەرکەوتنی دوو مار لەسەر شانی و کوژرانی لە لایـەن (کـاوەی ئاسنگەر)ەوە کـردووە، کە دواتر ئەو سەرکەوتنە پێشکەش بە (فەرەیدون) کراوە، کورتەکەی ئەمەیەی خوارەوەیە: ''(ئەژدەهاك)، کە ناوی راستەقینەی (بیوراسب) بووە پاش چەندساڵێك فەرمانڕەوایی دووچاری نەخۆشییەك بووە، بەهۆی نەخۆشیەکەشییەوە دوو مار لەسەر هەردوو شانی

دەرکەوتوون. ئەو رووداوەش زۆر هەراسانی کردووە، بۆیە داوای لە پزیشك و زانایانی سەردەمەکەی کردووە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە. دواتر پزیشکانی سەردەمەکەی پێشنیازی ئەوەیان بۆ کـردووە، کە هەر ڕۆژەو مێشکی دوو لاوی وڵاتەکەی دەرخوارد مارەکان بدات، تا لەوە زیاتر ئازاری نەدەن. بۆ ئەو مەبەستەش رۆژانـە (دوو) لاو کراونەتە قوربانی خـوانـی مـارەکـان، تـا دواجــار هــەردوو چێشت لێنەرەکانی پادشا بەناوەکانی (ئەرمابیل و کەرمابیل)، بەزەییان بەو لاوانەدا هاتۆتەوە، کە رۆژانە دەکرێنە خۆراکی مارەکان، بۆیە بڕیاریانداوە رۆژانە لەبری ئەو (دوو) لاوە، هەر رۆژە یەکێکیان ئازاد بکەن و ئەویتر لەگەڵ مێشکی مەڕێکدا تێکەڵ بکەن و بیکەنە خۆراکی مارەکان، تا رۆژێك (کاوە) ناوێك، کە پیشەی ئاسنگەر بووە، ئەو بارودۆخەی پێ قبووڵ نەکراوە و دوای بردنی (شانزە) کوڕی بۆ پادشا، لەکاتی بردنی (هەڤدەیەمین) کوڕیدا، توڕە بووە و کۆمەڵانی خەڵکی هانداوە، تا بەیەکەوە پەلاماری (ئەژدەهاك)

بدەن و بیکوژن. دواتر بەهاوکاری کۆمەڵانی خەڵك بەسەر ئـەو ستەمکارەدا سـەرکـەوت و پادشای ستەمکاری بۆ (چیای دەماوەند)(57) دوورخستەوە و لەوێ زیندانیکرد و کوشتی. لەبەرامبەر ئەو کارە گەورەیەشدا کۆمەڵانی خەڵك ئەویان بە پادشای وڵات داناوە، بەڵام (کاوە) پێیڕاگەیاندون، کە لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەی خانەدان نییەو مافی ئەوەی نییە ببێتە پادشا، (فەرەیدون)ی بۆ ئەو پۆستە دیاریکرد. ئەو رۆژەش، کە (ئەژدەهاك)ی تێدا کوژراو (فەریدون) کرایە پادشا، بووە جەژن و بە (نەورۆز) واتە (رۆژی نـوێ) ناونرا. دواتریش لەو لاوە رزگاربووانەی لەدەست ستەمی (زوحاك) دەربازبوون مێشکیان دەرخواردی مارەکان نەدرا، (کورد) دروست بوو(58)! ئەمەش بەو واتاییەی (کاوەی ئاسنگەر) رزگاکەر و دروستکەری کورد بووە!؟ ئەم هەواڵەش، کە جێگای بایەخ و سەرنجی زۆربەی مێژوونووسان و خودی کـورد بـووە، جگە لە چەند دەقێکی ئەفسانەیی هیچی دی نییە، بەم بەڵگانەی خوارەوە:

یەکەم:- جارێك بەر لەهەر شتێك تا ئێستا بوونی دەوڵەتێکی وەك (پێشدادی)و فەرمانڕەوایەکی زۆردار و ستەمکاری وەك (ئەژدیها)، لەڕووی زانستی مێژووییەوە ساغ نەکراوەتەوەو بوونی دەوڵەتەکە و پادشاکانی و ماوەی دەسەڵاتەکانی، جێگای پرسیار و تێڕامانە. لەم بارەوە توێژەی ئێرانی (د.فەرهەنگی میهر) دوای لێکدانەوەیەکی زانستی و فەلسەفی، گەیشتۆتە ئەوەی، کە بە هیچ پێوەرێکی مێژوویی پێناچێت کەسایەتییەکی وەك (زوحـــاك) لەو سەردەمە دێرینانە ژیابێت و پادشایەتی کردبێت، کاتێك دەرکەوتنی دەوڵەت و بەڕێوەبردنی شارە لە هەزارەی چوارەمی زایینی تێپەڕ نەکات، بۆیە بوونی ئەو کەسایەتییە وەك لای مێژوونووسانی عەرەبی و ئیسلامی هاتووە زۆر دوورە لە راستییەوە(59).

ئەمەو لە لایەکی دیکەوە ئەوانەی باس لە زوحـاك ناوێك دەکـەن لە سەردەمی پادشایەك بە ناوی (کیومەرس) ئەوا ئەو پادشایە بە پێی دەقە مێژووییەکان لەساڵی (3341پ.ز) شاری دەمـاوەنـدی کـردە پایتەخت و (زوحـاك)یـش

له شاری (بابل)ەوە هێرشی بۆ هێنا(60). ئەو تۆمارانەش لە زانستی مێژووەوە زۆر دوورن، چونکە لەو سەردەمەدا نووسین نەدۆزراوەتەوە، تا ئەو تۆمارانە وەك خۆیان بنووسرێنەوە، بەڵکو دەماودەم هاتوون. کاتێکیش لە (شانامە)ی شاکاری (فێردۆسی) شاعیری گەورەی ئێرانیدا باس لە تاج لەسەرنانی (جەمشید) کراوە و ئاماژەی بەوە داوە، کە (زوحاك) وەك پادشایەك بەوە رازی نەبووە، بۆیە نامەیەکی بۆ نووسیووە(61)، بەڵام لە راستیدا ئەمە وا نەبووە، بەڵکو ئەو نامەیە نامەی (ئەردەوانی پێنجەمی پادشای ئەشکانی/207-224ز)یە بۆ (ئەردەشێری کوڕی بابەك کوڕی ساسان/224-241ز)ی دامەزرێنەری ئیمپراتۆرێتی ساسانی. ئەو نامەیەش، کە بۆ ساڵی (224ز) دەگەڕێتەوە(62)، نەوەك بۆ سەردەمی دەسەڵاتدارێکی وەك (جەمشید)، چونکە وەك ئاماژەمان بۆ کرد ئەو کات هەر نووسین نەبووە، چونکە دەرکەوتنی نووسین وەك رستە بۆ نیوەی دووەمی هەزارەی سێیەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە(63).

دووەم: ئەوانەی باسیان لەم رووداوە کردووە، ئەگەرچی هەندێکیان مێژوونووس و گەشتیار و هۆنەرێکی دیاری وەك (فێردۆسی) بوون، بەڵام وتەکانیان ناخرێنە خانەی زانستی مێژووەوە. ئەوەش بەم بەڵگانەی خوارەوە:

ا. (ئەلمەسعودی)ش، کە ساڵی (346ك/957ز) کۆچی دوایی کردووە، وەك گەشتیارێکی عەرەبی و ئیسلامی لە کتێبی (مروج الژهب ومعادن الجوهر) دا، سـەرەڕای ئـەوەی هەندێك زانیاری بە نرخی لەسەر کورد و خاکەکەی و رۆڵیان لەو سەردەمەدا تۆمار کـردووە، لە خستەڕووی رەگـەزی کـوردا کەوتۆتە هەڵەوەو هەوڵیداوە رەگـەزی کورد بۆ هۆزەکانی عەرەبی یان جنۆکە بگێڕێتەوە. ئەگەرچی سەبارەت بە رەگەزی کوردو کۆمەڵەکەیان، بیروڕای جیاواز هەبووە، لەوانە هەندێك بۆ (ریبعەی کوڕی نزاری کوڕی مەعدی کوڕی عەدنان-ربیعە بن مچر بن معد بن عدنان) هەندێکی تر بۆ (کوردی کوڕی مەردی کوڕی سەعسەی کوڕی هەوازن-کردی بن

مرد بن سعسع بن هوازن)یان بۆ رەگەزی (فارس) یان بۆ (رەگەزی جنۆکە)(64) گێڕاوەتەوە و خۆشی لە بەرامبەر راکاندا بێدەنگ و بێ هەڵوێستبووە. هەروەها لە کتێبی دووەمی(التنبیه و الآشراف) (65) دا بەهەمان شێواز و کتێبی پێشو لە رەگەزی کوردو سەلماندنیدا هەڵەی کردووە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کاری ئەو وەرگرتن و تۆمارکردنی زانیارییەکان بووە لە کەسانی جۆراوجۆر و جیاواز بە تۆماری ئەفسانەیی و قسەی دەماو دەمەکانیشەوە، بێئەوەی رەخنەیەکیان لێ بگیرێت یان رێبازێکی توێژینەوە بۆ خۆی دابنێت(66). تەنانەت (ئیبن خەلدون) رەخنەی توندی لە بەرهەمەکانی (ئەلمەسعودی و ئەلواقدی) گرتووە(67)، بۆیە وریا بوون لە وەرگرتنی دەقەکانی ئەو (دوو) وردەکاری پێویستە. ئەمەو پێدەچێت تۆماری مێژوونووسەکانی تریش تەنیا نووسینەوەی ئەو سەربۆردانەی رابردوو بێت، کە لەلایەن هاوسەردەمەکانیانەوە بۆیان گێڕدرابێتەوە.

ب. فیردۆسی هۆنەری گەورەی فارسی و ئێرانی، کە نـاوی تــەواوی (ئەبولقاسم فیردۆسی کوڕی مەولانا فەخرەدینی کوڕی ئەحمەدی کوڕی مەولانا فەروخی فیردۆسی) بووە، کە لە نێوان ساڵانی (960-1020ز)دا ژیاوە، هۆنەر بووە و مێژوونوس نەبووە. دیارە هۆنەرانیش زیادەڕۆیی و پیاهەڵدانی دوور لە راستیان لە رووداو و بەسەرهاتەکان کردووە و بە شێوازێك لە خەیاڵ هۆنیویانەتەوە. ناسینیشی بە هۆی شاکارەکەی (شانامە) بووە، کە بۆ (سوڵتان مەحمودی کوڕی سەبکتینی غەزنەوی/995-1030ز) نوسیووە. ئەوەش دوای ئەوەی (دەقیقی) هۆنەری دیاری سەردەمەکە و دەرباری (سوڵتان مەحمودی غــەزنــەوی) بە هــۆی کــوژرانــی لەسەر دەستی کۆیلەیەك، ئەو کارەی بۆ تەواو نەکرا، کە بڕیار بوو پێشکەشی سوڵتانی ناوبراوی بکات. کارەکەش مێژووی پادشاو دەسەڵاتدارانی ئێرانی بوو لە بەرەبەیانی مێژووەوە، تا رۆژگاری سەردەمی خۆی، بە ناوی (شانامە). هەر بۆیە دواتــر (فیردۆسی)

دوای ئەوەی هەواڵی ئەو کارەی (دەقیقی) شاعیری بیست، دەستی دایە کارێکی هاوشێوەو بە هەمان ناوی (شانامە) تەواوی کرد. دوای ئەو کارەشی خۆی گەیاندۆتە شاری (غەزنە)ی پایتەختی دەوڵەتی غەزنەوی و چاوی بە (سوڵتان مەحمودی غەزنەوی) کەوت و کارەکەی پێشکەش کرد، کە تۆماری مێژووی سەراپای پادشا و دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکانی ئێران بوون لە (کیومەرس)ی دامەزرێنەری بنەماڵەی پێشدادییەکان، تا سەردەمی ئەو سوڵتانە. کارەکەشی لە شێوازی هۆنراوە و بە ناوەڕۆکێکی مێژوویی و رووپۆشکراو بە ئەفسانە داڕشت. لەنێو ئەو کارەشیدا ئاماژەی بە پادشایەتی (کۆرشی هەخامنشینی) کرد، کە توانی دەسەڵاتێکی گەورەی ئێرانی دامەزرێنێت و نەیارەکەی (ئەستیاگز)ی دوایەمین پادشای ماد بکوژێت. ناوەڕۆکی ئەو باسەشی بە ناوەکانی (زوحاك) وەك پادشایەکی ستەمکار و (کاوە) وەك قارەمانێکی دیار و (فەریدون) وەك سەرکردەیەکی فارسەکان تۆمار کرد، کە توانی کۆتایی بە دەسەڵاتی

زوحاك بهێنێت(68). بەو ڕووداوەش کارەکەی هەر وەك ئەفسانەی (ڕۆستەم و سوهراب)ی لێ گەورە کردووین(69).

دووەم:- لە ڕووی زانستیشەوە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی (مـار) لەسەر شانی مرۆڤ دەرنەکەوتووە وەك ئەوەی باس لەوە کـراوە، کە (دوو) مار لەسەر شانی (زوحاك) دەرکەوتوون(70). خۆ ئەگەر لەبری ئەو مارەش بە بڕوای هەندێك پارچە گۆشتێکی ژەهراوی بووبێت، ئەوا ئەوەش بە مێشکی لاو چارەسەر نەکراوە، چونکە لە هیچ سەردەمێکدا و بە هیچ پێوەرێکی زانستی مێشکی مرۆڤ بۆ چارەسەری نەخۆشی پێست بەکار نەهاتووە، بۆیە ئەو لایەنەش زۆر دوور بووە لە ڕاستییەوە. تەنانەتە بە بڕوای (ئەلیەعقوبی)ش دەرکەوتنی (مار) لەسەر شانی مرۆڤ زۆر دوور بووە لە ڕاستییەوە(71).

سێیەم:- هەردوو ناوی (کاوە) و (فەرەیدون) دوو ناویزۆر کۆن نین و لە قۆناغی زۆر دواتردا تێکەڵاو بە مێژووی کۆن کراون.

چوارەم:- هەردوو مێژووی ماد و ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر زۆر لە یەکەوە نزیکن و پێدەچێت هەر رووداوە راستەقینەکەی دوایەمین پادشای ماد و کچەزاکەی بێت و بە ئەفسانە رووپۆش کرابێت. دیارە ئەگەر واش بێت، ئەوا هەڵە بووە ئەو پادشایەی دەوڵەتی ماد بەستەمکاری سەردەمەکەی پێناسە بکەین. بە تایبەت بۆ (کورد)، چونکە خودی (ئەستیاگز) پادشای دەوڵەتی ماد بووە و لە لایەن کەسایەتییەکی بنەماڵەی هەخامنشینی فارسییەوە، کە (کۆرش) بووە لێی دراوە. دیارە راستە (کۆرش) کچەزاکەی خودی (ئەستیاگز) بووە، بەڵام لە بەری باوکەوە فارس و لە بنەماڵەیەکی فارسی بووە. هەربۆیە شانازیکردنی کورد بە (کاوە)، کە لەبنەڕەتدا (کۆرشی هەخامەنشینی) بووە، هەڵە بووە. لەکاتێکدا شانازیکردنی فارسەکان بە کەسایەتی (کۆرشی هەخامنشینی) لەجێگای خۆیدا بووە، چونکە یەکەمین دەوڵەتی فارسی

لەسەر شوێنەواری (دەوڵەتی ماد) دامەرزاند. ئەمەو نابێت ئەوەش لەیاد بکەین، کە کەسایەتی (کـاوەی ئاسنگەر) جگە لە کەسایەتییەکی ئەفسانەی هیچی تر نەبووە، ئەگەرچی هەندێك بە کەسایەتییەکی راستەقینەی مێژووییان زانیووە(72).

لـێـرەوە و لەبەر رۆشنایی ئـەو بەڵگانەی سـەرەوە، دەگەینە ئـەوەی، کە ئەفسانەکە وەك رووداوێکی راستەقینە وەرناگیرێت، بەڵکو دەکرێت وەك ئەفسانە و کەلتورێکی نەتەوەیی سەیر بکرێت. ئەمەو هەڵەشە پادشایەکی ستەمکاری ئەفسانەیی وەك (زوحاك) ببێتە ریشەیەك بۆ تاکە جەژنی نەتەوەیی کورد، بەڵکو (نەورۆز) جەژنێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردە و یادی دامەزراندنی (دەوڵەتی ماد)، نەوەك یادی سەرکەوتنی (کاوەی ئاسنگەر) بەسەر (زوحـاك)دا وەك پێشتر روونمان کردەوە.

# باسی پێنجەم

# (زوحاك و كاوە) لە دەقە مێژووییەكاندا

(زوحاك) له دەقه مێژووییەكاندا: كاتێك بەنێو دەقه مێژووییەكاندا رۆچین و دەمانەوێت بە رەگ و ریشەی ناو و مێژووی ئەو كەسایەتییه بگەین، بە بۆچوونی جیاجیا دەگەین. لەم بارەوە لە كتێبی (ئاڤێستا)دا (زوحاك) بە كەسێكی شەرەنگیز هاتووە، كە رێگەی باران بارینی بۆ زەوی گرتووە(73). بەشێك لە پەیڕەوانی زەردەشتیش لەو باوەڕدا بوون، كە (زوحاك) لەپاڵ كەسایەتی (ئەفراسیاو)ی پادشای تورانی (دوو) كەسایەتی ستەمكار بوون. تەنانەت پەروەردگار لە كارەكانی ئەوان ناڕازی بووە(74).

لەنێو مێژوونووسانی عەرەبی و ئیسلامیشدا (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) كەسایەتی (زوحاك)ی بە برازای (شەدید كوڕی عیملاق كوڕی عاد كوڕی ئارم كوڕی سام) داناوە، بێئەوەی رۆڵێكی پێبدات و لە وردەكاری ژیانی ئاگادارمان بكاتەوە(75).

گەشتیارێكی عەرەبی و ئیسلامی وەك (ئەلیەعقوبی)ش پێیوابووە "زیادەڕۆیی لە ستەمی زوحاكدا كراوە بەوەی (دوو) مار لەسەر شانەكانی دەرهاتوون، كە ئەوەش دوورە لە راستییەوە(76).

(ئەلتەبەری)ش لەسەر زاری گێڕانەوەکانی سەردەمەکەی ئەوەی تۆمارکردووە، کە (زوحاك کوڕی عەلوان کوڕی عوبەید کوڕی عەویج) فەرمانڕەوای (بابل) بووە و هەر ئەویش (سینان کوڕی عەلوان)ی بە فەرمانڕەوای میسر دیاریکردووە. ئەو فیرعەونەی پەیامبەر (ئیبراهیم کوڕی ئازەر) چۆتە لای و داوای یەکتاپەرەستی لێکردووە(77).

(ئیبنولکەسیر)یش (زوحاك)ی بە برای فیرعەونی میسر زانیووە و پێی وابووە، ناوی تەواوی (سفانی کوڕی عەلوان کوڕی عویج کوڕی عیملاق)ە(78).

کاتێکیش بەم تۆمارانەدا ڕۆدەچین دەگەینە ئەوەی، کە لە تۆماری مێژووی پادشایانی ئیمپراتۆرێتی بابلی یەکەم و دووەمیشدا هیچ پادشایەك ناویان (زوحاك) نەبووە. ئەمەو قەڵەمڕەوی ئەو فەرمانڕەوایانەی بابلیش نەگەیشتۆتە وڵاتی میسر و لەلایەن ئەوانەوە و لەو سەردەمەدا و لەلایەن فیرعەونەکانی میسریش دانەنراون. ئەمەو لە هیچ سەرچاوەیەکدا باس لەوە نەکراوە، کە برای یەکێك لە فیرعەونەکانی میسر ناوی (سفانی) بووبێت(79).

لەلایەکی دیکەوە (ئەلئوستوخری) زوحاکی بە بنیاتنەری شاری (بابل) پێناسە کردووە(80). لەکاتێکدا ئەو رووداوە لە هیچ سەرچاوەیەکی تردا پشتڕاست نەکراوەتەوە. ئەمەو ئەگەر ئەوەش وابێت، چ پەیوەندییەکی بە مێژووی ئێمەی کوردەوە هەیە؟

هەریەك لە (ئیبنولنەدیم)(81)و (ئەلتەبەری)(82)و (ئەلمەسعودی)(83)و (ئەلخوارزمی)(84)و (ئەلنویری)(85)، زاراوەی (زوحاك)یان بە وشەیەکی بە عەرەبیکراوی زاراوەی (دهاك) زانیووە، بەمانای دڕندەیەکی خاوەن (دە) ددانی وەك (ئەژدیها). پێشیانوابووە، کە ئەو کەسایەتییەکی مێژوویی و (بیوراسف)ی پادشای کۆنی فارسەکان بووە(86).

لە تۆمارە مێژووییەکانیشدا چەند کەسایەتییەك بە ناوی (زوحاك) هاتوون، کە هەر هەموویان کەسایەتییەکانی دوای دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام بوون، ئەوانیش:

1.(زوحاك كوڕی سوفیان كوڕی عەوف و كوڕی كەعبی كیلابی-زوحاك بان سفیان بن عوف بن كعب الكلابی) یەكێك بوو لە هاوڵانی پەیامبەری ئیسلام (د.خ) لە شاری (مەدینە) و خودی پەیامبەر كردیە والی (نەجد) و لە شەڕی هەڵگەڕاوەكاندا لەساڵی (11ك/632ز) كوژرا. لەپەیامبەریشەوە فەرموودەیەكی گێڕاوەتەوە(87).

2. (زوحاك كوڕی ئەبی جوبیرە كوڕی زوحاك-زوحاك بن ابی جبیره بن زوحاك) لە هاوەڵانی پەیامبەری ئیسلام (د.خ)) بووە و لە پەیامبەر (دوو) فەرموودەی گێڕاوەتەوە(88).

3. (زوحاك كوڕی سوفیان كوڕی عەوف كوڕی كەعب كوڕی ئەبی بەكر كوڕی كیلاب كوڕی رەبیعە كوڕی ئەبی عامر كوڕی سەعسەی عامری-زوحاك بن سفیان بن عوف بن كعب بن ابی بكر بن كلابن ربیعە بن ابی عامر بن صعصعە العامری)، كە لە لایەن پەیامبەری ئیسلامەوە (د.خ) نێردرا بۆ لای هۆزەكەی لە تیرەی عامری عەرەبی(89).

4. (زوحـاك كوڕی حارسە کوڕی زەید کوڕی سەعلەبە کوڕی عوبەیدەی کوڕی عوەدی کوڕی غەنەم کـوڕی کەعب کـوڕی سەلەمەی ئەنساری خەزرەجی-زوحاك بن حارپە بن زید بن پعلبە بن عبید بن عدی بن غنم بن کعب بن سلمە النصاری الخزرجی)(90).

5. (زوحاك كوڕی خەلیفە کوڕی سەعلەبە کوڕی عودەی کوڕی کەعب کوڕی عەبدلئشهەلی ئەنساری-زوحاك بن خلیفە بن پعلبە بن عدی بن کعب بن عبدالاشهل الانصاری)، کە بەشداری شەڕی ئوحودی کردووە و لە کۆتایی سەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) کۆچی دوایی کردووە(91).

6. (زوحـاك كوڕی زەملی جوهنی-زوحاك بن زمل الجهنی)، لە هاوڵانی پەیامبەری ئیسلام (د.خ) بووە(92).

7. (زوحاك كوڕی سوفیان کوڕی حارس کوڕی زائد کوڕی عەبدوڵلا کوڕی حەبیب کوڕی مالیك کوڕی جفاف کوڕی ئومروئی قەیس کوڕی یەهسە کوڕی سەلیم کوڕی مەنسوور سەلمی-زوحاك بن

سفیان بن حارس بن زائد بن عبدالله بن حبیب بن مالك بن جفاف بن امری القیس بن یهثه بن سلیم ین منصور السلمی)(93).

8. (زوحاك كوڕی عەبد عومرۆ كوڕی مەسعود كوڕی كەعب كوڕی عەبدلئەشهەل كوڕی حارسە كوڕی دینار كوڕی نەجاری ئەنساری خەزرەجی- زوحـاك بن عبد عمرو بن مسعود بن كعب بن عبدالاشهل بن حارپه بن دینار بن نجار الانصار الخزرجی)، كە بەشداری هـەردوو شەڕی بەدر و ئوحودی كردووە(94).

9. (زوحاك كوڕی عەرفەجەی سەعدی-زوحاك بن عرفجه السعدی)(95).

10. (زوحاك كوڕی قەیس كوڕی خالیدی كوڕی ئەكبەر كوڕی وەهب كوڕی سەعلەبە كوڕی وائلە كوڕی عومرۆ كوڕی عودەی كوڕی شەیبان كوڕی موحارب كوڕی فەهر كوڕی نەزر كوڕی كینانەی فەهری-زوحاك بن قیس بن خالد بن الاكبر بن وهب بن ثعلبه بن وائله بن عمرو بن عدی بن شیبان بن محارب فهر بن مالك بن نچر بن كنانه الفهری)، كە

له نێوان ساڵانی (5-65ك/626-684ز) ژیاوه، لەلایەن (موعاویە کوڕی ئەبو سوفیان)ی یەکەمین خەلیفەی ئومەوی کرایە والی (کوفە) لەساڵی (53ك/676ز) و دواتر کرایە والی (دیمەشق). کاتێکیش لەلایەن (موعاویە کوڕی یەزید) لەو پۆستە لای برد، وازی لە پشتیوانی بنەماڵەی ئومەوی هێنا و ڕووی کردە هەرێمی حیجاز لە نیوە دوورگـەی عەرەبی و پەیوەندی بە (عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر)ەوە کرد و بەیعەتی پێکرد. دواتر لە شەڕی (مورج راهیت) لەبەرامبەر سوپای ئومەوییەکان کوژرا(96).

11. (زوحــاك کــوڕی عەبدوڵڕەحمان کوڕی عەرزەبی ئەزدی ئەلئەشعەری-زوحاك بن عبدالرحمن بن عرزب الازدی الاشعری)، کە ساڵی (105ك/723ز) کۆچی دوایی کردووە، والی شاری (دیمەشق) بووە لە سەردەمی (عومەری کـوڕی عەبدولعەزیز)ی هەشتەمین خەلیفەی ئومەویدا(97).

12. (زوحــاك کـوڕی موخەلەد کـوڕی زوحاك کـوڕی موسلیمی شەیبانی-زوحاك بن مخلد بن زوحاك بن مسلم الشیبانی)، کە لە نێوان ساڵانی

(122-212ك/740-828ز) ژیـاوە، بە یەکێك لە پارێزەرانی فەرموودەکانی پەیامبەری ئیسلام (د.خ) ناسراوە(98).

13. (زوحاك کوڕی موزاحمی بەڵخی خۆراسانی- زوحاك بن مزاحم البلخی الخراسانی)، کە ساڵی (105ك/723ز) کۆچی دوایی کـردووە، مامۆستای منداڵانی شاری (بەڵخ) بووە(99).

14. (زوحـاك کوڕی قەیس کوڕی موعاویەی تەمیمی)(98) پێشەوای حرورییەکان، کە ساڵی (129ك/746ز) کۆچی دوایی کردووە یەکێك بووە لە پێشەواکانی کۆمەڵی خەواریج. ئەو سەرباری ئەوەی هەوڵیدا لەگەڵ (سەعیدی کوڕی یەهدل) پەلاماری شارەکانی (موسڵ و جزیرە) بدات، بەڵام دواجار لە (کفر توتا)ی سەر بە شاری (ماردین) لەلایەن سوپاکەی (مـەروانـی کـوڕی حەکەم) دوایەمین خەلیفەی ئومەوییەکانەوە لەساڵی کوژرا(100).

15. (زوحاك کوڕی عوسمان کوڕی عەبدوڵڵای ئەسەدی حـزامـی-زوحـاك بن عثمان بن عبدالله

الاسدی الحزمی)، کە ساڵی (180ك/796ز) کۆچی دوایی کردووە و والی یەمەن بووە لەسەردەمی خەلیفە (هارون ئەلڕەشید)ی پێنجەمین خەلیفەی عەباسی(101).

16. (زوحاك کوڕی نوعمان کوڕی سەعد-زوحاك بن النعمان بن سعد)(102).

هەرچی مێژوونووسی ئەرمەنی (موسیس خوریناتسی)یە، کە ساڵی (493ز) کۆچی دوایی کردووە،پێی وابووە (زوحاك)ی ئەفسانەکەی جەژنی نەورۆزی کورد، هەمان (ئەستیاگز)ی دوایەمین پادشای مادەکان بووە. ئەمەو رەخنەی توندیشی لە ئەفسانەی (کاوە و زوحاك) گرتووە و پێیوابووە هەرگیز راستی لەو ئەفسانەیەدا نەبووە. تەنانەت هەڵە بووە (بیوراسب)ی پادشا بکرێتە (زوحاك)و بکرێتە هاوسەردەمی (نەمرود)ی پادشای ئاشوری( 103). ئەمەش رای خۆرهەڵاتناسی رووسی (دیاکۆنۆف)(104)و هەریەك لە (حیلمی عەلی شەریف) و (پرۆفیسۆر دکتۆر رەفیق شوانی) بووەو

پێیانوابووە، کە هەڵەیە (ئەستیاگز)ی دوایەمین پادشای مادەکان ببەسترێتەوە بە پادشایەکی ستەمکاری وەك (زوحــاك)، چونکە یەکەمیان پادشایەکی کوردستانی و دووەمیشان پادشایەکی عەرەبی یەمەنی بووە. مەبەستی ئەوانیش لەوە هەڵەی بەستنەوەی ستەمکارێکی وەك (زوحاکی عەرەبی یەمەنی) بووە بە (ئەستیاگز)ی دوایەمین پادشای مادە(105).

بۆچوونی (دیاکۆنۆف)یش لە ئایینی مانی، کە بۆ ســەدەی سێیەمی زایینی دەگەڕێتەوە، (کــاوان) بە مانای (ئــەژدیــها) هــاتــووە(106). (ئەحمەد ئەمین)یش پێی وابــووە، کە ''زوحـاك کەسایەتییەکی ئەفسانەی بووە زۆر لە راستییەوە دوورە(107). لەکاتێکدا (ڤلادیمیر منیۆرسکی)ش وەك خۆرهەڵاتناسێکی رووســی، (زوحــاك)ی کەسایەتی ئەفسانە و (ئەستیاگز)ی دوایەمین پادشای دەوڵەتی مادی بە (دوو) کەسایەتی جیاواز زانیووە(108).

توێژەری ئێرانیش (ئیبراهیم پووورداود)یش بوونی کەسایەتییەك بەناوی (ئەژدهاك-زوحاك) بۆ سەردەمی (گرشاسپ-گوشتاسپ)ی پادشای هەرێمی (سیستان) دەگێڕێتەوە(109). مەبەستیش لە (گوشتاسپ) ئەو پادشایە بوو، کە پێشوازی لە (زەردەشتی کوردی پورشاسپ) و پەیامەکەی کرد. هەر بە بڕوای ئەو توێژەرەش (زەردەشت) لە نێوان ساڵانی (660-583پ.ز) ژیاوە(110). بەم بۆچوونەش بێت بوونی کەسایەتییەك بە ناوی (ئەژدەهاك) بۆ سەردەمی دەوڵەتی ماد دەگەڕێتەوە، کە دوایەمین پادشای بووە.

(د. موسا موحەممەد خدر)یش وەك توێژەرێکی کورد، (زووحاك)ی بە رووداوێکی ئەفسانەیەکی و دوور لە راستی مێژوویی زانیووە(111).

لەگەڵ دەرکەوتنی سوپای عەرەبی ئیسلامی بۆ ناوچەکانی دەرەوەی نیوە دوورگەی عەرەبی و بە تایبەت بۆ بەری خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵات بە کوردستان، ناوی (زوحاك) کەوتە نێوناوان، وەك پێشتر ئاماژەمان بە دیارترینیان کرد.

(کاوە) لە دەقە مێژووییەکاندا: سەبارەت بە ناوی (کـاوە)ش لە دەقە مێژووییەکاندا بۆچوونی جیاجیا هەیەن، بەڵام ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری سەرچاوەکان لەسەری کۆکن ئەوەیە، کە ناوی (کاوە) لەپاڵ ناوی (زوحاك)دا لە دەقە ئەفسانەکاندا هاتووە نەوەك لە دەقە مێژووییەکاندا. تەنانەت لەسەر مێژووی (کاوە) بۆ بەر لە زایین و سەردەمی (ئەستیاگ) بۆچوونی جیاجیای لەخۆ گرتووە. لەم بارەوە هۆنەری گەورەی عەرەبیش (ئەبوتەمام) لە دێڕە هۆنراوەکەیدا (کاوە)ی بە رزگارکەرێکی ئازا ناوبردووە. ئەو لەم بارەوە وتوویەتی:

يا قابضا يد ال كاوس عادلا اتبع يمينا منهم بيسا"(112)

لەلایەکی دیکەوە گەشتیاری عەرەبی و ئیسلامی (ئەلمقدسی) ئەوەی بە خەڵکی شاری (ئیسفەهان) داناوە و پێیوابووە، دوای بردنی دوو کوڕەکەی بۆ (ئەستیاگز)، تا مێشکیان دەرخواردی مارەکانی سەر شانی ئەو بدەن، خۆی پێ نەگیراوەو بەرەو کۆشکی (ئەستیاگز) هاتووە و کوشتویەتی(113).

(د.جیهانگیر ئاوشیدری) توێژەر و کەسایەتی و باوەڕداری زەردەشتی، (کاوە)ی وەك کەسایەتییەکی قارەمانی مێژووی ئەفسانەیی ئێران پێناسە کردووە و لای وابووە، جگە لە کەسایەتییەکی ئەفسانەی هیچی دی نەبووە(114).

(د.حەسەن مەجیبی میسری) لە بەرهەمێکیدا باسی لە (کاوە)یەك کردووە، کە دانیشتوی شاری (ئیسفەهان) بووە و بەسەر پادشایەکی فارسی لەساڵی (538پ.ز) بەسەردا سەرکەوتووە(115). دیارە کاتێك ئەم بۆچوونە دەخەینە بەر پێوەری زانستی مێژوو دەگەینە ئـەوەی، کە لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژووییدا (کاوە) ناوێك خەڵکی ئەو شارە نەبووە. ئەمەو ئەو پادشا فارسەشی باسی لێوەکراوە (کۆرشی هەخامنشینی) بووە، کە لە نێوان ساڵانی (550-530پ.ز) فەرمانڕەوایەتی کردووە و لە ماوەی دەسەڵاتیشیدا دووچاری شەڕ و ململانێ نەبووە لەگەڵ دانیشتوانی شاری (ئیسفەهان)،

چونکە لە لایەك پادشا و دەسەڵاتداری تێدا نەبووە، لە لایەکی دیکەوە یەکێك بووە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی(116).

(عەبدولرقیب یوسف) پێیوایە "کاوە هیچ حەقیقەتێکی مێژوویی نەبووە(117). بە بڕوای (ئیبراهیم حەسەن مەولود)یش ناوی (کاوە) لە سەردەمی پادشا (ئەستیاگزی کوڕی کەی خەسرەوی ماد)دا بوونی نەبووە(118).

لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە (زوحاك) لە زانستی مێژوودا، هەمان (ئەستیاگز)ی دوایەمین پادشای دەوڵەتی ماد بووە و بەپێی رەوتی مێژوو، کراوەتە زوحاك. ئەمەو (کاوە)ش ناوێك نەبووە بۆ هیچ سەرکردە و کەسایەتی و قارەمانێکی مێژوویی، جگە لە ناوێك بۆ کەسایەتییەکی ئەفسانەیی. بەو پێیەش هەڵەیە مێژوویی جەژنێکی نەتەوەیی وەك (نەورۆز بۆ کورد) بە ئەفسانەیەك سەیر بکرێت و لێی بڕوانرێت.

# باسی شەشەم
# ساڵنامەی کوردی و
# مێژووی جەژنی نەورۆز

ساڵنامە بە یەکێك لە گرنگترین پێوەرەکانی ژیان و زانینی ڕووداوەکانی مێژوو ئەژمار کراوە، تا ئەوەی ساڵنامەکان وەك بەهێزترین پشتیوان و دەقی مێژوویی، هۆکاری ڕەسەنایەتی ڕابردووی کۆمەڵ و نەتەوە و گەلان و ئایینێك بوون، کە بەهۆیانەوە لەلایەك ڕووداوەکانی مێژوویان بۆ پاراستووین، لەلایەکی دیکەوە هۆکاری گەیشتنی ئەو ڕووداوانە بوون بە نەوەکانی ئایندە و نەفەوتاندنی بۆ داهاتوو.

لەم پێودانگەوە هەر کۆمەڵ و نەتەوە و گەل و ئاینێك لەسەر ڕووی زەوی خاوەنی ساڵنامەی تایبەت بە خۆیان بوون، کە بەهۆیانەوە واقیعییەتی مێژوویی خۆیان پاراستووە.

جووەکان وەك پەیڕەوانێکی ئایینی، کە لە دێر زەمانەوە خۆیان بە (نەتەوەی عیبری) ناساندووە بڕویان وابووە نەتەوەیەکی سەربەخۆن و ساڵنامەیەکی تایبەت بە خۆیان بووە، کە بە (ساڵنامەی عیبری) ناسراوە. ئەوان بۆ سەلماندنی ڕاستی ساڵنامەکەیان، ئاماژەیان بە مێژووییەك کردووە، کە بەر لەساڵی (3760پ.ز) یەکەمین دەسەڵاتی سیاسیان لەسەر خاکی (ئورشەلیم)

دامەزراندووە. لەو کاتەشەوە تا بە ئێستا دەگات جووەکانی جیهان و لە نێویشیاندا دەوڵەتی ئیسرائیل کار بەو ساڵنامەیە دەکەن. ئامانج لەو کارەشیان سەلماندنی ئەوەیە، کە ئەوان بەر لە (3760پ.ز) خاوەنی قەوارەیەکی سیاسی بـوون. ئـەوەش بۆ ئەوەی بۆ عەرەب و سەراپای نەتەوە و کۆمەڵ و گەلانی جیهانی بسەلمێنن، کە ئەوان سەر بە هیچ ئایین و نەتەوەیەکی تر نەبوون و خاکی فەڵەستین، کە (دەوڵەتی ئیسرائیل)یان تێدا دامـەزرانـدووە، خاکی رەسەنی خۆیان بووە، سەربەخۆ بوون، سەر بە هیچ نەتەوە و ئایینێك نەبوون. ئەو ساڵنامەشیان بە فەرمی لە یەکەمین بەیاننامەی دامەزراندنی دەوڵەتەکەیان لە (14ی مایسی1948ز) بە (5708 عیبری) راگەیاند(119 ).

لە لایەکی دیکەوە مەسیحییەکانی جیهان و لە نێویشاندا ئەو دەوڵەتانەی سەر بە ئایینی مەسیحین، رۆژی هاتنە قسە و خەتەنەکردنی (عیسای کوڕی مەریەم-س.خ)ی پەیامبەریان لە حەوتەمین رۆژی تەمەنیدا بە سەرەتای (ساڵنامەی زایینی) زانیووە، چونکە ئەو پەیامبەرە لە (25ی کانوونی یەکەم)

لەدایکبووە و دوای (حەوت) رۆژ لە لەدایکبوونی لەلایەك کەوتۆتە قسە، تا پەردە لەسەر بێتاوانی دایکی لاببات، کە بێ ئەوەی بچێتە ژیانی هاوسەرییەوە منداڵێکی بە ناوی (عیسا) بووە، لە لایەکی دیکەوە بەو خەتەنەکردنەی سیمای پیاوەتی بەبەردا کراوە، تا لەگەڵ پایەی پەیامبەرایەتیدا بگونجێت، چونکە نەدەبوو منداڵێك پەیامبەر بێت، یان بانگەشە بۆ پایەی پەیامبەری بکات(120). هەربۆیە بە وتەی گێڕانەوەکانی مێژوو هەر لەو رۆژەدا هاتۆتە قسە، خەتەنەش کراوە. بەوەش لای باوەڕدارانی مەسیحی ئەو رۆژە بە رۆژی سەلماندی کوڕییەتی و ناسینی وەك پەیامبەرێکی مێژووی مرۆڤایەتی ناسراوە، بۆیە کردویانە سەرەتایی (ساڵنامەی زایینی).

ئەمەو موسڵمانانی جیهانیش کۆچی پەیامبەری ئیسلام (موحەممەد کوڕی عەبدوڵلا-د.خ) لەگەڵ (ئەبوبەکری سدیق-ر.خ) لە شاری (مەککە)وە بۆ شاری (یەسرب)، بە سەرەتایی دەرکەوتنی ساڵنامەیەك زانیووە، کە ناوی (ساڵنامەی کۆچی)یە. ئەو ساڵنامەیەی لە سەردەمی دووەمین خەلیفەی راشدی (عومەری کوڕی خەتاب-ر.خ) و هەر لە

لایەن خۆیەوە دانرا. بەوەش ساڵی (622ز) بووە یەکەمین ساڵی کۆچی و هاوکات کرا لەگەڵ (1ی موحەڕەم)(121 ). لەو کاتەشەوە ساڵنامەی کۆچی بۆتە ساڵنامەیەکی باوەڕ پێکراوی مێژوویی بۆ موسڵمانانی جیهان تێکڕا و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی. ڕووداوەکەش لە شوێنی خۆیدا بوو، چونکە بە گەیشتنی پەیامبەری ئیسلام بۆ شاری (یەسرب) سەرەتاکانی دەرکەوتن و دامەزراندنی (دەوڵەتی ئیسلام) بە ناوی (دەوڵەتی مەدینە) دەرکەوت، کە بووە یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی لە مێژوودا.

لێرەوەش تاکە ڕووداوێکی مێژوویی، کە ساڵنامەی کوردی بۆ بگەڕێتەوە دامەزراندنی (دەوڵەتی ماد)ە. ئەو دەوڵەتەی بەر لە (حەوت سەدە) لە هەرێمی موکریانی خۆرهەڵاتی کوردستان دامەزرا. دیارە گێڕانەوەی ساڵنامەی کوردی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ماد لە لایەن هەر مێژوونووس، توێژەر، نووسەر و هۆنەری کورد یان خۆرهەڵاتناس و بێگانەوە بووبێت، جێگەی ستایشە، چونکە گێڕانەوەی تاکە ساڵنامەی کوردی بۆ بیرەوەری دامەزراندنی دەوڵەتێك لەسەر خاکی کوردستان، کە زۆربەی

هەرە زۆری بنەماکانی دەوڵەت و کوردستانی بوونی لەخۆگرتبێت و زۆر لە دەرکەوتنی نەتەوەی کوردەوە نزیکبێت لە شوێنی خۆیدا بووە. ئەمەو جگە لە دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە هیچ دەقێکی مێژووی یان گێڕانەوەی چیرۆك و ئەفسانەیەکیش پشتیوانی لەوە ناکەن، کە بەر لە (حەوت) سەدە کەسێکی بە ناوی (کاوەی ئاسنگەر) توانیبێتی پادشایەك بە ناوی (زوحاك) بکوژێت. تەنانەت ئەگەر رووداوەکەش بۆ (کۆرشی هەخامنشینی) پادشای هەخامەنشینی و (ئەستیاگز)ی دوایەمین پادشای ماد بگەڕێتەوە، ئەوا ئەو رووداوەش وەك لە چەندین دەقی میژووییدا سەلمێنراوە بۆ ساڵی (550پ.ز) دەگەڕێتەوە نەوەك بۆ (700پ.ز)، کە ساڵنامەی کوردی بۆ دەگەڕێتەوە.

لە پەراوێزی وەها رووداوێکی مێژووییدا جێگەی خۆیەتی لەبەر رۆشنایی ئەو راستیانەی سەرەوە، ئاماژە بەوە بکەین، کە گێڕانەوەی مێژووی جەژنی نەورۆز بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ماد، جگە لەوەی ساڵنامەی کوردی پشتگیری و پشتیوانی لێدەکات، لەهەمانکاتدا بەڵگەی ئەوەشە، کە ئێمە کورد بەر لە (700پ.ز) خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێزی وەك

(ماد) بووین و لە نێوان ساڵانی (700-550پ.ز) فەرمانڕەوایەتی خاکی کوردستانی کردووە. لاشمان وایە بە هەڵەدا نەچووبین، کە ئەوەندی ئێمەی کورد لە دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی مادەوە عەودالّی دەوڵەت و گەیشتن بە سەربەخۆیی خاکی کوردستان بووین، ئەوەندە کێشەمان لەگەڵ قارەمان و پاڵەوانەکاندا نەبووە، چونکە هەر تاکێك بۆ تەنیا قۆناغێکی مێژوویی بڕوانێت، دەگاتە ئەوەی، کە ئێمەی کورد بۆ هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوو، خاوەنی چەندین قارەمان و سەرکردەیی مێژوویی بووین، بێئەوەی هیچ یەك لەوان توانیبێتیان کورد بە بچووکترین مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی بگەیەنن، کە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە، بۆیە گەڕانەوەی هەر تاکێکی ئێمەی کورد بۆ سەروەرییەکانی دەوڵەتی ماد و بانگەشەکردن بۆی مانای ئەوەیە، کە ئێمەی کورد لە ڕابردوودا خاوەن قەوارەی سیاسی بووین و لە قۆناغێکی مێژوویی و تا بە ئێستاش دەگات لێمان زەوتکراوە. ئەوەش ئەو ڕێگە ڕاستەقینەیە، کە ئێمەی کورد بە ئایندەیەکی گەش و ڕووناك دەگەیەنێت.

# بەشی حەوتەم
# (جەژنی نەورۆز) لە تێڕوانینی دەوڵەتانی خەلافەتی ئیسلامیدا

مێژووی جەژنی نەورۆز و رێ و رەسمەکەی لە تێڕوانینی دەوڵەتانی خەلافەتی ئیسلامی و تۆمارەکانی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستدا، زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئێمەیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە، کە بەهۆی ئەوەی ئەم جەژنە بەلای بەشێك لە زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلام و پەیڕەو و هەڵگرانی ئەو ئایینە، بە جەژنێکی دژ بە بنەماکانی ئایین ئیسلام سەیر کراوە و یادکردنەوەی بە تاوان و هەڵە نازەرد کراوە، بۆیە جێگەی خۆیەتی بە چەندین ئاماژە و تۆماری مێژوویی، تێڕوانین و بۆچوونی خەلیفە و بەرپرسانی دەوڵەتانی خەلافەتی ئیسلامی بخەینەڕوو، کە لە دەوڵەتانی خەلافەتی (راشدی وئومەوی و عەباسی)دا خۆی بینیوەتەوە. ئەمەو ئاماژە بەو دەقانە بکەین، کە رێگەی بە یادکردنەوەی ئەو جەژنەدا. لەم بوارەدا سەرەتائاماژە بە دەقێکی قورئانی دەکەین، کە دەفەرموێت ''لكل امه جعنا منسكا هم ناسكوه فلا ينازعنك فى الامر(122). دیارە بەو پێیەی قورئانی پیرۆز سەرچاوە و بنەمای

ئایینی ئیسلام و پەیڕەوانی ئەو ئایینە بووە، بۆیە ڕەوایی دانی ئەو کتێبە پیرۆزە بەو جەژنە، لەو مانایە بـەدەر نییە، کە یەکەمین و گەورەترین سەرچاوەی ئایینەکە، ڕەوایەتی بە جەژنەکە داوە و مافی یادکردنەوەی پێداوە و وەك جەژنی چەندین نەتەوەیەك سەیری کردووە. هەربۆیە بوونی ئەو جەژنە وەك جەژنێکی مێژوویی و نەتەوەیی کورد و یادکردنەوەی پێچەوانەی فرمانەکانی خودا و بنەماکانی ئایینی ئیسلام نەبووە، وەك هەندێك بۆی چوون.

1. تێڕوانینی خەلیفە و بەرپرسانی دەوڵەتی خەلافەتی ڕاشدی بۆ جەژنی نـەورۆز: تێڕوانینی خەلیفە و بەرپرسانی ئەم دەوڵەتەدا بۆ سەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) دەگەڕێتەوە، کاتێك پرۆسەی فتوحاتی ئیسلامی دەستی پێکرد و سنوری دەوڵەتەکە دەرەوەی نیوە دوورگـەی عەرەبی بڕی و گەیشتە ئەو ناوچانەی یادی جەژنی نەورۆزیان دەکردەوە. لەم بارەوە (ئەلەبلازەری) ئاماژەی بەوەداوە، کە کوردەکان بەپیروز ڕاگرتنی

جەژنی نەورۆز و یادکردنەوەیان کردبووە یەکێك لەمەرجەکانی رێکەوتن لەگەڵ ئەو سەرکردانەی سوپای عەرەبی ئیسلامی روویــان لە ناوچە و مەڵبەندە کوردنشینەکان کــرد. لـەم بــارەوەش ئاماژەی بەوە داوە، کە کوردەکانی (بلاسجان و سبلان و ساترودان) بەو مەرجە هاتنی سوپای عەرەبی ئیسلامیان بۆ ناوچەکانیان قبوڵکردووە، کە رێگری یادکردنەوەو رێ و رەسمی ئەو جەژنەیان لێنەکرێت، ئەوانیش قبوڵییان کردووە(123)، بەڵام کاتێك ئەم هەواڵە گەیشتە دووەمین خەلیفەی راشدی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب) ئەوکارەی رەتــکــردەوەو یــادکــردنــەوەی جەژنی نــەورۆزو وەرگــرتــنــی باجی ئــەو جــەژنــەی قــەدەغــەکــرد. ئەمەش لە سەردەمی سێیەمین خەلیفەی راشدی (عوسمانی کوڕی عەفان) کاری پێکرا(124)، بەڵام لە سەردەمی چوارەمین خەلیفەی راشدی (عەلی کوڕی ئەبی تالیب)دا کاتێك شیرینیان بە دیاری بۆ خەلیفە هێنا، تابیخوات، پرسیاری ئــەوەی کرد، کەئەوە چییەو بۆچی ئەو شیرینییەیان بۆ

هێناوە؟ لەوەڵامدا پێیان وت، کە ئەوە شیرینی جەژنی نـەورۆزە، بۆیە ئەویش لە وەڵامـدا پێی وتن: خۆزگە هەموو ڕۆژێك نەورۆز بوایە. بەوەش ئازادی بە جەژنەکەدا و ڕێگری لە یادکردنەوەی نـەگـرت(125). تەنانەت مێژوونووسێکی وەك (ئەلسوڵی) ئاماژەی بــەوەداوە، کە ساڵێك ئەو جەژنە کەوتبووە دووەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان، کەچی یادکرایەوە و یادەکەش بەکردنەوەی ئاگری نەورزۆ و بەخشینەوەی شیرینی ڕێزی لێگیرا(126).

2. تێڕوانینی خەلیفە و بەرپرسانی دەوڵەتی خەلافەتی ئومەوی بۆ جەژنی نەورۆز: لە سەردەمی ئومەوییەکانیش (موعاویە) وەك یەکەمین خەلیفەی ئەو دەوڵەتە ڕێگەی بە خەڵکی ڕەشـە خاك لە (ئێراق و کوردستان) کرد یادی نەورۆز بکەنەوە، بەو مەرجەی باجی نەورۆزانە وەك سەردەمەکانی پێشوو بدەنە دەوڵەت(127). بۆ ئەو مەبەستەش داوای لە (زیاد)ی والی عێراق کرد، فەرمان بە (عەبدولڕەحمانی کـوڕی دەراجــی)ی لێپرسراوی خـەراجـی عێراق بکات، هەردوو باجی (نەورۆزانە و میهرەگان) لە

خەڵکی وەربگرن. (عەبدولڕەحمان)یش فرمانەکەی جێیبەجێکرد و لەساڵی یەکەمدا بڕی (دە ملیۆن) دەرهەمی باجی هەردوو جەژنەکەی لە خەڵکانی سنوری دەسەڵاتی کۆکردەوە، کە ئەوەش بۆ ساڵانی دواتری دەسەڵاتی کاری پێکراو بڕەکەشی لەو بڕەی پێشەوە کەمتر نەبوو(128). ئەمەو (حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی)ش بە زۆر هەردوو باجی نەورۆزانە و میهرگانی بەسەر ئەوکەسانەدا سەپاند، کە یادی ئەوجەژنانەیان کردەوە و بە جەژنی لە مێژینەی خۆیان زانـــی(129)، بـەڵام لەسەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)دا کاری پێنەکراو بە کارێکی دژە ئیسلامی زانـی(130). لەسەردەمی (هیشامی کـوڕی عەبدولمەلیك)یش خـاوەن موڵکەکانی بەری خۆرهەڵاتی دەوڵەتی خەلافەتی ئومەوی داوایـان لە (خالیدی کـوڕی عەبدوڵڵای قەسری) کردووە، باجی نەورۆزانە وەربگرێت وەك داهاتێك بۆ دەوڵەتی خەلافەت، چونکە پێشتر وەك باجێکی ساڵانە لە کۆمەڵانی خەڵك وەرگیراوەو پێشکەش بە گەنجینەی گەورەی وڵات کراوە(131).

3. تێڕوانینی خەلیفە و بەرپرسانی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی بۆ جەژنی نەورۆز: لە سەردەمی عەباسییەکانیشدا ئـەو جەژنە یـادکـراوەتـەوە و باج و خەراج لەلایەن یادکەرەوەکانی نەورۆزەوە پێشکەش خەلیفەکانی عەباسی کـــراوە(132). تەنانەت بەشێکی خەلیفەکانی عەباسی لەگەڵ هاتنی ئەو جەژنە پۆشاکی جـوان و گرانبەها و رەنگاوڕەنگییان لەبەر دەکرد و خۆیان دەڕازەندەوە، تا پێشوازی لەمیوانەکانی ئەو جەژنە بکەن و دیاری و خەڵاتەکان وەربگرن. ئەمەو لەشەوی نەورۆزدا کۆڕی گەورە رێکدەخراو گۆرانی و مۆسیقا و سەما لەگەڵ بەخشینەوەی شیرینی پێشکەش دەکرا(133 ). لەم بوارەدا(یەحیای کوڕی خالیدی بەرمەکی) پێش (دوو) مانگ لە هاتنی جەژنی نەورۆز باجی نـەورۆزانـەی بۆ دەوڵـەتـی خـەلافـەت و(هــارون ئەلرەشید)ی خەلیفە کۆدەکردەوە(134). ئەوەش وەك چاکەیەك بۆ خەلیفەی عەباسی و نیشاندانی دڵسۆزی بۆی. هەریەك لە (مائمون و متەوکیل) وەك دوو خەلیفەی تری عەباسی رێگەیاندا یادی جەژنی نەورۆز بکرێتەوە(135).

لەلایەکی دیکەوە (تاهیری کوڕی حوسێن) والی خۆراسان لە سەردەمی خەلیفە مائمون ئەو جەژنەی بە فەرمی لە سنوری دەسەڵاتی خۆی ناسی و یادی کردەوە و ڕێگەیدا هاوڵاتیان ئەو ڕۆژە بکەنە جەژن و خۆشی و شیرینی ببەخشنەوە(136). خەلیفە (متەوەکیل)یش لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا خۆی دەڕازاندەوە و پۆشاکی گرانبەهای لەبەر دەکرد و پێشوازی لەو میوانانە دەکرد، کە بۆ مەبەستی جەژنە پیرۆزە دەهاتنە لای و دیاریان بۆ دەهێنا(137). تەنانەت تا سەردەمی خەلیفە (موعتەزیدبیللا/279-289ك/892-901ز) باجی خەراج لەجەژنی نەورۆزدا وەردەگیرا، بەڵام بەفەرمانی ئەو خەلیفەیە کاتی وەرگرتنی باجەکە بۆ یەکەم ڕۆژی وەرزی هاوین واتە (21ی حوزەیران) دواکەوت. ئەمەو هەر بەفەرمانی هەمان خەلیفە یادکردنەوەی جەژنەکە قەدەغە کرا(138). لەلایەکی دیکەوە دایکی (موقتەدر بیلا/295-320/907-932ز) ئاهەنگی گەورەی بۆ ڕێ و ڕەسمی جەژنی نەورۆز سازکردووە(139). ئەمەو

دانیشتوانی میسریش لەسەردەمی فاتیمییەکاندا یادی ئاهەنگی ئەم جەژنەیان دەکردەوە. یادەکەش بە دیاریکردنی کەسێك بوو وەك سونبولی یادەکە و دەیانکردە ئەمیری نەورۆز و سواری گوێدرێژێکیان دەکـرد و پۆشاکی سووریان بۆ لەبەر دەکـرد و بەناو شاردا دەیانگێڕاخەڵکیش پارە و شیرینیان دەدایە و ئەویش ئاوی بەوانەدا دەکرد، کە هیچیان پێنەدەدا( 140). خەلیفە (رازی/312-329ك/924-941ز)ش ئەو جەژنە زیندوکرایەوە و رێگەی پێدا یاد بکرێتەوەو خۆیشی کۆڕی میوانداری بۆ میوانانی ئەو جەژنە سازکرد(141).

لە تۆمارێکی (ئەلتنوخی) مێژوونووسی عەرەبی و ئیسلامیدا، کە ساڵی (384ك/994ز) کۆچی دوایی کردووە، ئاماژەی بەوە داوە، کە لەگەڵ هاتنی جەژنی نـەورۆز، خەڵکی شـاری (بەغداد) پەیکەرێکیان دروست دەکرد و بە پۆشاك و خشڵ دەیان رازندەوە و بە دەهـۆڵ و زوڕنـا دەیـانـبردە سەربانەکان و یاریان پێدەکرد و دواجار ئاگریان دەکردەوە(142). (ئیبنولجەوزی)ش ئاماژەی بەوە داوە، کە لە شاری

(بەغداد) مەراسیمی جۆراوجۆر بۆ جەژنی نەورۆز سـازکـراوە، بێئەوەی ئـامـاژە بە جۆرەکانی ئەو ڕێ و ڕەسمە بـکـات(143). دیـارە ئەگەرچی ئەو مێژوونووسە ئاماژەی بەوە نەداوە، کە کام پێکهاتەی شاری (بەغداد)ی پایتەختی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی ئەو ئاهەنگەیان بۆ پێشوازی لە جەژنی نەورۆز کردووە؟ بەڵام گومانی تێدا نییە، کە ئەوانەی لە شاری (بەغداد) ئەو یادەیان کردۆتەوە فارس و کوردەکانی ئەو شارە بوون، چونکە ئەو جەژنە لای عـەرەب پیرۆز نەبووە، تا ساڵانە یادی بکەنەوە. هەربۆیە جێگەی سەرنجە ئەو مێژوونووسە عەرەبییە ئیسلامییە باسی لـەوە نـەکـردووە! سائیتر ئەوە لەبیرتەسکی خۆیەوە بووە، یان تەواو نەیزانیووە کە کام پێکهاتەی ئەو شارە ئەو یادەیان کردۆتەوە؟ کەلێنێکی کردۆتە تۆمارە مێژووییەکەی. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو یادە دەوڵەمەندەکان لەماڵەکان دەمانەوە و هەژارەکانیش دەهاتنە دەرەوە بۆ یادکردنەوەکەو هێزەکانی پۆلیسیش ئەرکی پاراستنی ئەو ڕێ و ڕەسمەیان لە ئەستۆ دەگرت(144).

هەریەك لە (ئەلسولی/733ك1333-ز)(143) و (ئەلنویری/946ك1540-)(145) ئەو واقیعەیان پشتراستکردۆتەوە. وەك باسیشکراوە لەو جەژنەدا سەرباری ئەوەی یادەکەرەوانی بۆ ئەو رۆژە خۆیان شتووە و پۆشاکی نوێیان لەبەر کردووە. تەنانەت (ئەلنویری) ئاماژەشی بەوە داوە، کە لە جەژندا پیرۆزبایی لە یەکتر کراوە(145)و شیرینی و دیاری بەخشراوەتەوە(146)و سەردانی یەکترکراوە(147) و کێشە و گرفتەکانیش وەلاوەنـراون و چارەسەر بۆ کێشەکانیش دۆزراوەتـــەوە(148)و دیاریش بۆ دەسـەڵاتـدار و خەلیفەکانی دەوڵەتی خەلافەت نـێـردراوە(149)، تا ئـەوەی دەسـەڵاتـداران ساڵانە نەورۆزانەیان وەك باجێك لەوانە وەرگرتووە، کە یادی ئەو جەژنەیان کردۆتەوە(150). بەمەش جەژنەکە لە سەدەکانی ناوەڕاست و لای دەوڵەتانی خەلافەتی ئیسلامی یادکراوەتەوەو رێگەی لێنەگیراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە پشتیوانی لێکراوە.

# بەشی هەشتەم
# (کورد) چۆن لە (جەژنی نەورۆز) بڕوانێت؟

بۆ (کورد) وەك نەتەوەیەکی خۆرهەڵاتی لە باشوری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا، وا پێویستە (دەوڵەتی ماد) بە کۆنترین ئاماژە بۆ سەرەتایی دەرکەوتنی جەژنی نەورۆز دابنێت. ئەوەش بەوەی ئەو دەوڵەتە بە نزیکترین دەوڵـەت دادەنرێت لـە مـێـژووی کـۆنـدا، کـە (رەگــەزی کــورد) تێدا دەرکەوتبێت و لە دەرکەوتنی ساڵنامەی کوردییەوە نزیکبێت، چونکە ئاماژەکان بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە هـەریـەك لە کۆمەڵ و گەلانی کۆنی وەك (سۆمەری و سوئی و لۆلۆبی و کوتی و کاشی و میتانی و نائیری و خوری) کورد بوون، بەهێز نین. ئەوەش بەو بەڵگەیەی، کە لەو سەردەمەی ئەوانی تێدا ژیاون، (کورد) وەك نەتەوە دەرنەکەوتووە، بەڵکو ئـەوان وەك چەند کۆمەڵەیەك لەسەر خاکی کوردستان دەرکەوتوون، کە دواتر رۆڵیان لە دروستبوونی نەتەوەی کوردا بینیووە. کاتێکیش (دەوڵەتی ماد) لەساڵی(700) ساڵ پێش زایین وە هێزێکی سیاسی لە شاری (ئەکباتانا) و دواتر لە ناوچەکانی دەوروبـەری دەرکـەوت. تۆمارەکانی

مێژووش بۆ ئەوە دەچن، کە (مادەکان) یەکەمی ریشەی دەرکەوتنی نەتەوەی کورد بن، وەك (نەتەوە). ئەمەو لە لایەکی دیکەوە دەرکەوتنی ساڵنامەی کوردی لە ژێر هەر دەق و سیاسەت و بارودۆخێکدا دانرابێت، رێچکەی مێژوویی خۆی وەرگرتووە و وەك ساڵنامەیەکی تایبەت بە کورد سەلمێنراوە. تاکە مێژوویەکیش بەو ساڵنامەیەوە بەسترابێتەوە دامەزراندنی دەوڵەتی مادە، کە لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین سەری هەڵدا و دامەزرا، بۆیە گومانی تێدا نییە، کە (نەورۆز) وەك جەژن و بۆنەیەکی نەتەوایەتی بۆ کورد بۆ یادی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دەگەڕێتەوە. ئەوەشی، کە پێویستە بە لای هەموو کوردێکەوە بێ جیاوازی رەگەز و ئایین و ئاستی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وەك سەروەری و دەسکەوتی نەتەوەیی و نیشتمانی لێی بڕوانێت، بەستنەوەی ئەو جەژنەیە بە دەوڵەتی مادەوە، چونکە گرێدانی گەورەترین یاد و جەژنی نەتەوەیی کورد بە دەوڵەتێکی وەك (ماد)ەوە سەروەرییە. ئەویش بەم بەڵگانەی خوارەوە:

یەکەم:- سەراپای خەباتی کورد و بزوتنەوە ڕەواکەی لە مێژوودا بۆ گەیشتن بووە بە ماف و داوا ڕەواکانی. لەسەر هەمووشیانەوە (دەوڵەتی کوردی) بووە، بۆیە گرێدانی ئەم بۆنەیە بە (دەوڵەتی ماد)ەوە مانای ئەوەیە، کە ئێمەی کورد بە بەڵگەی ئەو ساڵنامە و جەژنە لە مێژوودا خاوەنی دەوڵەتێکی وەك (دەوڵەتی ماد) بووین. ئەو دەوڵەتی داگیرکەرانی کوردستان بەردەوام کۆسپی بەردەم دەرکەوتن و دامەزراندنی بوون، بۆیە بەستنەوەی ئەو جەژنە بە (دەوڵەتی ماد) ەوە مانای ئەوەیە، کە ئێمە خەباتەکەمان ڕەوایە و کوێرانە شوێن ڕێگەیەکی نادیار نەکەوتووین.

دووەم:- لە دوای ڕووخاندنی دەوڵەتی ماد لەسەر دەستی (کۆرشی هەخامەنشینی پارسی) و بە یارمەتی (هارپاك)ی وەزیری (ئەستیاگز) ی دوایەمین پادشای ماد لەساڵی (550پ.ز)، کورد لە خاکی خۆیدا بووە ژێر دەستە(151). لەو سەردەمەشەوە لە لایەن زلهێزە یەکێك لە دوا یەکەکانی ناوچەکە و جیهانەوە داگیرکراوە.

تەنانەت هەتا ئێستاش جگە لەو بەشە ئازاکراوەی باشوری کوردستان لە (هەرێمی کوردستان عێراق)دا، کە لە بەهاری (1991ز) لە هەر (سێ) پارێزگای (دهۆك، هەولێر، سلێمانی) سەربەخۆیی بەخۆوە بینیووە و خاوەنی حکومەتێکی خۆماڵی خۆیەتی، نزیك بە (88%) خاکی کوردستانی گەورە داگیرکراوە. بەو پێیەشی خەونی هەموو کوردێکیش لە رابردوو، ئێستادا، گەیشتن بووە بە (دەوڵەتی کوردی)، بۆیە شوێنی خۆیەتی ئەو جەژنە وەك یادی ئەو دەوڵەتە مێژووییەی کوردستانی کۆن و کورد بکەینەوە.هەروەها بیکەینە پەیامێك لە دژی ئەوانەی کوردیان وەك (نەتەوە) و کوردستانیان وەك (خاکێك بۆ کورد) قبوڵ نییە.

سێیەم:- بەستنەوەی یادی جەژنی نەورۆز بە دەوڵەتێکی وەك (ماد)ەوە، بەڵگەی ئەوەیە، کە کورد لە کۆندا سەرباری بوونی قەوارەیەکی سیاسی، خاوەن سیاسەتی خۆشی بووە، بەوەی هاوپەیمانی لەگەڵ کلدانییەکاندا کردووە بۆ لێدانی (ئاشوورییەکان)، کە سەرئەنجام بە رووخاندنی

ئیمپراتۆریتی ئاشوری لەساڵی (612پ.ز) کۆتایی پێهات(152). ئەو ئیمپراتۆیەتەی بۆ ماوەی زیاتر لە (دوو هەزار) ساڵ دژایەتی دانیشتوانی کوردستانی کۆن کرد و بەردەوام لە هەوڵی داگیرکردنی خاکەکەیدا بوو.

چوارەم: ئەگەر ئێمەی کورد لە (دەوڵەتی ماد) وە سەیری مێژووی جەژنی نەورۆز نەکەین و ئەو جەژنە نەتەوەییە ببەستینەوە بە ئەفسانەکەی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاکی ستەمکار)، دەکرێت بپرسین، کە ئایا ئەو رووداوە چی لەسەر ئێمە زیاد کردووە و چ سودێکی پێگەیاندووین؟ واتە ئەگەر مەبەست لەو ئەفسانەیە و یادکردنەوەی بۆ ئەوە بێت، تا بە داگیرکەرانی کوردستان بڵێین، کە ئەگەر ئێوە (زوحاکی ستەمکاری سەردەمە بووبن، ئەوا بۆ هەر سەردەمێك کاوەیەکی ئاسنگەر بووە، لێتان بدات و لە دەسەڵات دوورتان بخاتەوە)، بەڵام لەگەڵ ئەو راستییەشدا، ئەی بۆ نەپرسین، کە لەگەڵ ئەوەی مێژووی نەتەوایەتیمان هەزاران قارەمان و تێکۆشەری بەخۆوە بینیووە و زۆربەیان خۆیان

کردۆتە قوربانی خاك و نیشتمان و نەتەوەکەیان، بەڵام ئەو هەموو قارەمان و قوربانیانە هیچی لە خەبات و تێکۆشانی ئێمە سەوز کردووە؟ یان لای کەم خەباتی ئەو هەموو قارەمانانەی مێژووی نەتەوایەتیمان، کوردی لە سەدەی بیست و یەکدا بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ گەیاندووە و لە ژێر دەستی داگیرکەرانی کوردستان رزگاری کردووە؟ بێگومان نەخێر. هەربۆیە باشتر و زانستیتر بووە، کە لێرە بەدوا وەك دامەزراندنی دەوڵەتی ماد لەو جەژنە نەتەوەییە بڕوانین. ئەوەش (دوو) سودی گـەورە بە خۆمان وەك کورد و مێژووەکەمان و ئایندەی سیاسیمان دەگەیەنێت، ئەوانیش:

یەکەم: بە هاوڵاتیانی نێوخۆمان و دۆستان و تەنانەت نەیارەکانیشمان دەڵێین، کە ئەو تاکە جەژنە نەتەوەییەی ئێمە وابەستەی ئەفسانەیەك نییە وەك لە ساڵانی رابـردوودا بۆی چووین، بەڵکو مێژووی جەژنەکە وابەستەی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتێکە بە ناوی (دەوڵەتی ماد)، کە هەر لەو دەوڵەتەشەوە ساڵنامەیەکی بۆ ئێمەی کورد لێ دەرئەنجام کراوە.

دووەم: بەو مێژووە بە خۆمان و دۆست و نەیارەکانیشمان دەڵێن، کە ئێمە نەتەوەیەك نین، ئەفسانە بکەینە پێوەری مێژوو، جەژن و بۆنەکانمان، بەڵکو ئەفسانەکان تەنیا وەك چەند دەقێکی ئەدەبی سەیر کراون، نەوەك مێژوو، جەژن و ستراتیجییەتی ئایندەی نەتەوە و خاکەکەمانی لەسەر دابڕێژین.

لێرەوە بە هەمووان دەڵێین، کە ئێمە نەتەوەیەکی خاوەن مێژووی راستەقینەین، نەوەك مێژووییەك لەسەر داستان و ئەفسانەکان بنیاتنرابێت. هەر بۆیە باشترە لێرە بەدوا هەموومان وەك (کورد) و لە سەرتاسەری کوردستان (نەورۆز) وەك یادی دامەزراندنی (دەوڵەتی ماد) بکەینەوە. نەوەك ببەستین بە ئەفسانەیەکی هەڵبەستراوی وەك (کاوەی ئاسنگەر و زوحاکی ستەمکار!)(153). ئەو ئەفسانەیەی نە هیچیان لە بارودۆخی ئێمەی کورد گۆڕیووە، نەلێیدەگۆڕن، بەڵکو تەنیا ئەوە نەبێت، کە ساڵانە بە یادی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاکی ستەمکار)ەوە لاو

و خوێن گەرمەکانیکوردیان راپێچی زیندانە تاریکەکانی دوژمنان بە کورد کـردووە! ئەوەش بۆ ئـەوەی ژمـارەی قوربانییەکانمان زیاد بکات، بەڵام کاتێك یادەکە بە دەوڵەتێکەوە ببەستینەوە زیاتر لە مافەکانمان نزیك دەکەوینەوە، چونکە گێرانەوەی جەژنێکی نەتەوایەتی بە ئەفسانەوە مانای گەیشتنە بە مافەکان بە خەیاڵ و خەون. بەستنەوەشی بە دەوڵەتەوە واتە گرێدانەوەی بە واقعێکی راستەقینەی مێژووی، کە دەبێت پێ بگەین. دیـارە ئـەوەش دوای ئـەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (شەست و چوارەمین) کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا لە (10ی مایسی2010ز) بە پێی بەندی (49)ی کارەکانی، جەژنی نەورۆزی وەك جەژنێکی جیهانی بە فەڕمی ناسی و خستییە نێو چوارچێوەی ئەو جەژنە جیهانیانەی لەلایەن چەند نەتەوە و کۆمەڵگەیەکەوە یاد دەکرێنەوە، کە یەکێك لەوان (نەتەوەی کورد)ە.

## ئەنجام

لەكۆی ئەم توێژینە زانستییە دەگەینە ئەوەی، مێژووی جەژنی نەورۆز، وەك گەورەترین جەژنی نەتەوەیی كورد، سەرنجی دەیان و سەدان مێژوونووس و نووسەر و توێژەر و خۆرهەڵاتناس و گەشتیاری بۆ لای خۆی راكێشاوە، تا ئەوەی هەر پۆلەو بە شێوازێك بۆ ئەو جەژنەی روانیووە. هەندێك بۆ سەرەتای مانگ و وەرز و ساڵێكی نوێ و پۆلێكی تر بۆ ئەفسانەكەی (كاوەی ئاسنگەر و زوحاكی ستەمكار) و بەشێكی تر بۆ مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد و مێژووی ساڵنامەی كوردییان گێڕاوەتەوە. هەربۆیە ئەوەی لەم چەند لاپەڕە كورتەدا سەرنجمان خستە پاڵ و تیشكمان خستە سەر، دەرخستنی رەسەنییەتی جەژنی نەورۆز بووە، كە نەتەوەی كورد لە پاڵ نەتەوە و گەلانی وەك (فارس و بەلوچ و ئازەری و ئەفغانی و..تاد)، ساڵانە لە یەكەم رۆژی مانگ

و ساڵی نوێدا یادی کردۆتەوە و یادی دەکاتەوە. ڕووداوەکەش (1ی نەورۆز) بەرامبەر بە (21ی ئازار)ی هەموو ساڵێك بووە لە ساڵنامەی زایینیدا. ئەمەو لە لایەکی تـرەوە مێژووی ئەو جەژنە، یادی کوشتنی (زوحـاك) نەبووە و نییە لەسەر دەستی (کاوەی ئاسنگەر) وەك ئەفسانەکان لێیان ڕوانیووە، بەڵکو ساڵیادی دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتی کوردی بووە، بەناوی دەوڵەتی (ماد) لەسەر دەستی (دیاکۆ)ی دامەزرێنەری بەر لە (700) ساڵ پێش زایین، کە هەر لەو ڕاستییەشەوە ساڵنامەی کوردی دەرئەنجام کـراوە. بە هیوای ئەوەشین هەمووان بەو شێوەیە سەیری بکەین و ئەوەش ببێتە هۆکاری یەك تێگەیشتن و یەکڕیزی کورد لە ئێستا و ئایندەی خەباتی نەتەوەیی و مرۆیی و ژیاریماندا.

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: کتێبە پیرۆزەکان:**

1.ئاڤێستا: کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشتی.

2.ئینجیل: کتێبی پیرۆزی ئایینی مەسیحی.

3. قورئانی پیرۆز: کتێبی پیرۆزی ئایینی ئیسلام.

**دووەم: بە زمانی عەرەبی:-**

**ا.سەرچاوە کۆنەکان:-**


أبن الأثير، عزالدين أبي الحسن علي بن محمد بن عبدالكريم الجزري/ (630هـ/1233م)

4. اسد الغابة في معرفة الصحابة، تحقيق: محمد ابراهيم البنا و محمد احمد اشور و محمد عبدالوهاب فايد، الطبعة الأولى، دار احياء التراث العربي-بيروت، لبنان، بلا.

5. الكامل في التاريخ، الطبعة الرابعة-بيروت، لنبان، 1994م.

الازدي، ابو زكريا محمد بن اياس/(334هـ/ 945م)

6. تاريخ الموصل، تحقيق: د.علي حبيبة، الطبعة الاولي، دار التحرير-القاهرة، مصر، 1967م.

الاصطخري، أبي اسحاق أبراهيم بن محمد الفارسي/ (340هـ/950م)

7. المسالك والممالك، تحقيق: د. محمد جابر عبدالعال الحيني،

مراجعة: محمد شفيق غريال، طبعة وزارة الثقافة والأرشاد القومي-الأدارة العامة للثقافة، القاهرة، الجمهورية العربية المتحدة، 1961م. البخاري، ابو عبداللة محمد بن اسماعيل/ (256هـ/869م)

8. صحيح البخاري، الطبعة الاولي، دار الاخبار اليوم-القاهرة، مصر، 2004م. بدليسي، الامير شرفخان بن الامير شمس الدين بن شرفخان الروذكي/(1010هـ/1601م)

9. شرفنامة، الطبعة الاولي، ترجمة: محمد جميل الملا احمد روزبياني، مؤسسة موكريان للنشر و التوزيع-اربيل، اقليم كردستان العراق-العراق، 2001م. البلاذري، ابوالحسن احمد بن يحيي بن جابر/(279هـ/892م)

10. فتوح البلدان، عني بمراجعتة: رضوان محمد رضوان، دار الكتب العلمية-بيروت، لبنان، 1991م. البيروني، ابو الريحان محمد بن احمد/(440هـ/1048م)

11. الاثار الباقية عن القرون الخالية، الطبعة الاولي، دار صادر-بيروت، لبنان، بلا. ابوتمام، حبيب بن أزس بن حارث الطائي/ (231هـ/845م)

12. ديوان ابوتمام-حياتة و شعرة، الطبعة الثانية، بلا، 1970م. التنوخي، ابو علي المحسن بن علي/(384هـ/994م)

13. نشوار المحاضرة و اخبار المذاكرة، تحقيق: عبود الشاذلي، الطبعة الاولي، دار صادر-بيروت، لبنان، 1971م. الثعالبي،

ابومنصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل النيسابوري/ (429ه/1037م)

14. تاريخ غرر ملوك الفرس و سيرهم، الطبعة الاولي، طهران، ايران، 1963م. الجاحظ، ابوعثمان عمرو بن بحر بن محبوب/ (255ه/868م)

15. البيان و التبين، تحقيق: د.درويش جودي، الطبعة الاولي، شركة ابناء شريف الانصاري للطباعة و النشر و التوزيع، صيدا-بيروت، لبنان، 2007م.

16. المحاسن و الاضداد، شرحة و وضح فهارسة: صلاح الدين الهواري، الطبعة الاولي، المكتبة العصرية-بيروت، لبنان، 2003م. الجهشياري، ابو عبداللة محمد بن عبدوس/(331ه/942م)

17. الوزراء و الكتاب، تحقيق: مصطفي السقاء و ابراهيم الابياري و عبدالحفيظ شبلي، الطبعة الاولي، مطبعة مصطفي الباب الحلبي و اولادة-القاهرة،مصر، 1938م. خورنياتسي، موسيس/(493م)

18. تاريخ الارمن من البداية حتي القرن الخامس الميلادي، نقلة عن الارمنية: نزار خليلي، الطبعة الاولي، دار اشبيلية للدراسات و النشر-دمشق، سورية، 1987م.

ابن خلدون، عبدالرحمن بن محمد بن جابر/(808ه/1405م)

19. المقدمة: الطبعة الاولي، مطبعة دار أحياء و التراث العربي، بيروت، لبنان، بلا. الخوارزمي، ابوعبداللة محمد بن احمد بن

يوسف/(387هـ/997م)

20. مفاتيح العلوم، تحقيق: فان فلوتين، الطبعة الاولي، الشركة الدولية الذخائر-القاهرة، مصر، 2004م. الدينوري، أبوحنيفة أحمد بن داود/(282هـ/895م)

21. الأخبار الطوال، تحقيق: عبدالمنعم عامر، مراجعة: د.جمال الدين الشيال، الطبعة الأولى، أنتشارات افتاب-طهران، ايران، 1960م. الذهبي، شمس الدين ابن عبداللة محمد بن احمد بن عثمان/(748هـ/1347م)

22. دول الاسلام، حققة و علق علية: حسن اسماعيل مروة، الطبعة الثانية، دار صادر للطباعة و النشر-بيروت، لبنان، 2006م. الصولي، ابوبكر محمد بن يحيي/(335هـ/946م)

23. اخبار الراضي باللة و المتقي باللة او تاريخ الدولة العباسية من سنة (322-333هـ)، الطبعة الثانية، دار المسيرة-بيروت، لبنان، 1979م. عبداللة بن عبدالحكم/(257هـ/871م)

24. سيرة عمر بن عبدالعزيز علي ما رواة الامام مالك بن انس و اصحابة، تحقيق: احمد عبيد، الطبعة السادسة، عالم الكتب-بيروت، لبنان، 1984م. الطبري، ابي جعفر محمد بن جرير/(310هـ/932م)

25. تاريخ الطبري، تحقيق: مصطفي السيد و طارق السيد، الطبعة الاولي، مكتبة التوفيقية-القاهرة، مصر، بلا. الفيومي، احمد بن محمد/(770هـ/1369م)

26. المصباح المنير، الطبعة الاولي، المكتبة العلمية-بيروت، لبنان، بلا. ابن قتيبة الدينوري، ابو محمد عبداللة بن مسلم/ (276هـ/889م)

27. المعارف، الطبعة الاولي، دار الكتب العلمية- بيروت، لبنان، بلا. القلقشندي، ابوالعباس شهاب الدين احمد بن علي/ (821هـ/1418م)

28. صبح الاعشي في صناعة الانشاء، اختار النصوص و علق عليها: عبدالقادر زكار، الطبعة الاولي، دمشق، سوريا، 1982م.

ابن كثير، ابي الفداء الحافظ بن كثير الدمشقي/(774هـ/1372ز)

29. أبن كثير: البداية و النهاية في التاريخ، تحقيق و توثيق: صدقي جميل العطار، الطبعة الاولى، دار الفكر للطباعة و النشر- بيروت، لبنان، 2008م.

30. قصص الانبياء، حققة و ضبطه و علق علية و اخرج احادثيه: علي عبدالحميد ابوالخير و محمد وهبي سليمان و مصطفي زريق، الطبعة العاشرة-دار الخير-دمشق-بيروت، لبنان، 1999م.

المسعودي، ابو الحسن علي بن الحسين/(346هـ/955م)

31. التنبيه و الأشراف، الطبعة الاولي، طبعة دار التراث، بيروت، لبنان، 1968م.

32. مروج الذهب ومعادن الجوهر، عني بة: د. محمد هشام النعسان و عبدالمجيد طعمة حلبي، الطبعة الأولى، دار المعرفة للطباعة و النشر و التوزيع- بيروت، لبنان، 2005م. المقدسي،

مطهر بن طاهر/ المتوفى سنة (845هـ/1441م)
33. البدء و التاريخ، نشرة و علق علية: كليمان هوار، قدم له هذة الطبعة: د. محمود اسماعيل، الطبعة الثانية، مطابع الهيئة المصرية العامة-القاهرة، مصر، 2010م. المقريزي، تقي الدين ابوالعباس احمد بن علي/(845هـ/1441م)
34. الخطط المقريزية المسماة بالمواعظ و الاعتبار بذكر الخطط و الاثار، تحقيق: محمد زينهم و مديحة الشرقاوي، الطبعة الاولي، دار الكتب العلمية-بيروت، لبنان، 1997م. مسكويه، ابوعلي الرازي/(421هـ/1030م)
35. تجارب الامم، حققه وقدم له: د.ابوالقاسم امامي، الطبعة الاولى، دار سروش للطباعة و النشر و التوزيع-طهران، ايران، 2001م. ابن النديم، أبو الفرج محمد بن أبي يعقوب/(385هـ995-م)
36. الفهرست، تحقيق: رضا تجدد بن علي بن زين العابدين الحائري المازندراني، الطبعة الثالثة، دار المسيرة-بيروت، لبنان، 1988م. النويري، شهاب الدين احمد عبدالوهاب/ (733هـ/1520م)
37. نهاية الارب في فنون الادب، الطبعة الاولي، دار الكتب-القاهرة، مصر، بلا. اليعقوبي، احمد بن ابي يعقوب بن واضح بن كاتب/(292هـ/904م)
38. تاريخ اليعقوبي، الطبعة الاولي، مطبعة الغري-النجف، العراق، 1358هـ.

**ب.سەرچاوە نوێیەکان:-**

احمد امين/

39. ضحي الاسلام، الطبعة الاولي، مكتبة النهضة المصرية-القاهرة، مصر، 1956م. الاحمد، سامي سعيد/

40. العراق القديم، الجزء الاول، الطبعة الاولي، بغداد، 1978م، الجزء الثاني، الطبعة الاولي، بغداد، العراق، 1983م. اليادة، مرسيا/

41. تاريخ المعتقدات والافكار الدينية، ترجمة: عبدالهادي عباس، الطبعة الاولي، دار دمشق- دمشق، سوريا، 1986-1987م. ايرواني زاده، د. عبدالغني و د. نصرالله شاملي/

42. الادب العربي و الايرانيون من بداية الفتح الاسلامي الى سقوط بغداد، الطبعة الاولى، نشر ذره-طهران، ايران، 1386هـ.ش. البدراوي، رياض عبدالحسين/

43. الموقف الاموي من الموالي بين الشبهات و الواقع التاريخي، الطبعة الاولي، دار تموز للطباعة و النشر و التوزيع-دمشق، سورية، 2011م. البهنسي، صلاح/

44.مناظر الطرب و التصوير الايراني في العصرين التيموري و الصفوي، الطبعة الاولي، كلية الاثار-جامعة القاهرة، مكتبة مدبولي-القاهرة، مصر، بلا. د.جمال رشيد أحمد و د.فوزى رشيد/

45. تأريخ الكرد القديم، الطبعة الاولي، مطابع دار الحكمة- أربيل، العراق، 1990م. د.حسن ابراهيم حسن/
46. تاريخ الدولة الفاطيمة، الطبعة الاولى، القاهرة، مصر، 1959م. د. حسن جعفر نورالدين/
47. شعر التمرد في الاعصر العباسية، الطبعة الاولى، رشاد برس للطباعة و النشر-بيروت، لبنان، 2003م. خصباك، د.شاكر/
48. الاكـراد-دراسـة اثنوغرافية، الطبعة الاولي، مطبعة شفيق-بغداد، العراق، 1972م. دياكونوف، ا.م/
49. المنمات الايرانية، الطبعة الاولي، دمشق-سورية، 1998م.
زاكـس، هـاري/ 50. عظمة بابل، ترجمة عامر سليمان، الطبعة الاولي، بغداد، العراق، 1980م. الزركلي، خيرالدين/
51. الاعلام– قاموس التراجم لاشهر الرجال و النساء العرب و المستعربين و المستشرقين، الطبعة السابعة، دار العلم للملايين– بيروت، لبنان، 1986م. زكي محمد حسن/
52. الرحلة المسلمون في العصور الوسطى، الطبعة الاولي، دار المعارف-القاهرة، مصر، 1945م. زيادة، نقولا و أخرون/
53. أطلس العالم، الطبعة الاولى، بيروت – لبنان، 1982م.
سرور، د. محمد جمال الدين/
54.تاريخ الحضارة الاسلامية في الشرق،الطبعة الثانية،بلا،1973م.شير،ادي/

55. الالفاظ الفارسية المعربة ، الطبعة الاولي، بيروت - لبنان ، 1908م. طه باقر/
56. مقدمة التأريخ الحضارات القديمة، الجزء الثاني، الطبعة الاولي، دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد، العراق، 1973م. طه باقر و د.فوزى رشيد و رضا جواد الهاشمى/
57. تأريخ ايران القديم، الطبعة الاولى، مطبعة جامعة بغداد- بغداد، العراق، 1980م. العابد، مفيد رائف محمود/
58. معالم تاريخ الدولة الساسانية-عصر الاكاسرة (226-651م)، الطبعة الاولي، دار الفكر المعاصر-بيروت، لبنان، دار الشروق-دمشق، سورية، 1999م. العزيز، د.حسين قاسم/
59. المفصل في نشاة نوروز الذهنية الابداعية، تقديم: د.مكرم الطالباني، الطبعة الاولي، مطبعة شفان-السليمانية، اقليم كردستان العراق، العراق، 2012م. د. فائزة محمد عزت/
60. الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (4-9هـ/10-15م)، الطبعة الاولي، من مطبوعات اكاديمية الكوردية-اربيل، اقليم كردستان العراق-العراق، 2009م. فرست مرعي اسماعيل/
61. الكرد و كردستان جدلية الاسطورة و التاريخ و الدين، الطبعة الاولي، السليمانية، اقليم كردستان العراق، العراق، 2006م. كريستنسن، ارثر/
62. ايران في عهد الساسانيين، ترجمة: يحيى الخشاب، مراجعة: عبدالوهاب عزام ، الطبعة الأولى، مطبعة لجنة التاليف والترجمة

والنشر- القاهرة، مصر، 1957م. المصري، د.حسن مجيب/
63. سلمان الفارسي، الطبعة الاولي، دار الثقافة و النشر-القاهرة، مصر، 1991م.
64. من ادب الفرس و الترك، الطبعة الاولي، الدار الثقافية للنشر-القاهرة، مصر، 1999م. الملاح، الدكتور هاشم يحيى و اخرون/
65. دراسات في فلسفة التاريخ، الطبعة الاولي، مديرية دار الكتب للطباعة و النشر– الموصل، العراق، 1988م. ميغوليفسكي، ا.س/
66. اسرار الالهة و الديانات، ترجمة: د.حسان مخائيل اسحق، الطبعة الاولي، دار علاء الدين– دمشق، سوريا، 2005م.

**سێیەم: بە زمانی فارسی:-**

**ا.سەرچاوە کۆنەکان:**

اوستا/
67.کهن ترین سرودهای ایرانیان، گزارش: جلیل دوستخواه، چاپ نهم، انتشارات مروارید– تهران، 1384هـ.ش.
عمر الخيام، غياث الدين أبوالفتوح عمر بن أبراهيم/ (519هـ/1131م)
68. نوروزنامه، تصحیح و تحشیه:مجتبی مینوی، چاپ دوم، انشتارات اساطیر-تهران، ایران، 1385هـ.ش.
فردوسی، ابوالقاسم/(411هـ/1020م)

69. شاهنامه، بکوشش: د سعید حمیدیان، چاپ سیزدهم, چاپ نیکا-تهران، ایران، 1387ه.ش.
قمی، أبو جعفر محمد بن حسن بن فروخ صفار/(290ه/902)
70. تاریخ قم، ترجمه: حسن بن علی قمی، به تصحیح: جلال الدین تهرانی، چاپ اول، أنشتارات توس-تهران، ایران، 1361ه.ش.
گزنفون/(410پیش از میلاد)
71. سرشت کوروش کبیر، ترجمه: سید ضیاءالدین، چاپ دوم، مؤسسه انتشارات پاناسارینا– تهران، ایران، 1390ه.ش.
هیرودوت/(425پیش از میلاد)
72. تاریخ هیرودوت، ترجمه: غلامعلی وحید مازندرانی، چاپ پنجم، شرکت انشتارات علمی و فرهنگی-تهران، ایران، 1387ه.ش.
ب. سەرچاوە نوێیەکان:
احمدی، حمید/
73. حمید احمدی: ریشەهای بحران در خاورمیانه، چاپ اول، تهران، ایران، 1371ه.ش.
اسمیث، برندا/
74. مصر باستان، ترجمه: ازیتا یاسائی، چاپ چهارم، چاپ شمشاد-انتشارات ققنوس، تهران، ایران، 1384ه.ش.
اوشیدری، د.جهانگیر/

75. دانشنامه مزدیسنا، واژه نامه توضیحی أیین زردشت، چاپ أول، چاپخانه‌ی سعدی-تهران، ایران، 1377ه.ش.
برومند سعید، د. جواد/
76. نوروز جمشید، چاپ دوم، انتشارات توس-تهران، ایران، 1388ه.ش.
بهرام پژدو، زرتشت/
77. زرتشت نامه، تصحیح: محمد دبیر سیاقی، چاپ اول، کتابخانه گهوری-تهران، ایران، 1338ه.ش.
پور داود، ابراهیم/
78. اناهیتا، به کوشش: مرتضی گرضی، چاپ سوم، انتشارات دنیای کتاب-تهران، ایران، 1386ه.ش.
پیکولوسکایا و دیگران/
79. تاریخ ایران از دوران باستان تا پایان سده هجدهم، ترجمه: کریم کشاورزی، چاپ پنجم، انتشارات پیام–چاپخانه مروی، تهران، ایران، 1365ه.ش.
پی گریمال، یر/
80. اسطوره‌های بابل و أیران باستان، ترجمه:أیرج علی أبادی، چاپ أول، تهران، ایران، 1369ه.ش.
دریایی، تورج/
81. شاهنشاهی ساسانی، ترجمه: مرتضی ثاقب فر، چاپ پنجم، انتشارات ققنوس-تهران، ایران، 1390ه.ش.

رازی، د. عبدالله/

82. تاریخ کامل ایـران- از تاسیس سلسله ماد تا انقراض قاجاریه، چاپ هشتم، چاپ اقبال- تهران، ایران، 1369هـ. ش.

رجبی، پرویز/

83. جشنهای ایرانی، چاپ اول، انتشارات ارتامیش-تهران، ایران، 1391هـ.ش.

رضی، هاشم/

84. جشنهای گاهنبار و فرودوك، چاپ اول، انشتارات بهجت، مجموعه پژوهشای ایران شناسی، شماره (27)، تهران، ایران، 1389هـ.ش.

فرەوشی، د.بهرام/

85. فرهنگ فارسی به پهلوی، چاپ اول، انتشارات دانشگاه تهران-شماره1749، تهران، ایران، 1381هـ.ش.

قدیانی، عباس/

86. تاریخ فرهنگ و تمدن در ایران در دوره ساسانی، چاپ چهارم، انتشارات فرهنگ مکتوب-تهران، ایران، 1387هـ.ش.

مکنزی، دیوید/

87. فرهنگ کوچك زبان پهلوی، ترجمه: د. مشهد میر فخرایی، چاپ اول، تهران، ایران، 1383هـ.ش.

مهر، د. فرهنگ/

88. دیدی نو از دینی کهن-فلسفەی زرتشت، چاپ هفتم، نشر

جامی-تهران، ایران، 1387ھ.ش.

مهرین، مهرداد/

89. دائره المعارف-اطلاعات عمومی، چاپ اول، انشتارات جاویدان-تهران، ایران، 1350ھ.ش.

ویسهوفر، بوزف/

90. ایران باستان– از 550 بیش از میلاد تا 450 پس از میلاد، ترجمە: مرتضی ثاقب فر، چاپ سوم، انتشارات فقنوس– چاپخانە شمشاد- تهران، ایران، 1378ھ. ش.

چوارەم: بە زمانی کوردی:-

ئیبراهیم حەسەن مەولود/

91. پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی رەنج-سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، 2007ز.

جاف، د.خسرەو/

92. درۆیە کاوە زوهاکی نەکوشتووە، چاپی یەکەم، هەولێر-هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، 2009ز.

حیلمی عەلی شەریف/

93. داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان، چاپی یەکەم، دەزگـای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی-ژمارە (267)، بەغداد، عێراق، 1991ز.

دیاکۆنۆف، ئی. م/

94. میدیا، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: بورهان قانیع، چاپی

دووەم، چاپخانەی مەکتەبی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان-سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، 2005ز.
ڕەزایی، عەبدولعەزیم/
95. مێژووی نەورۆز و کرۆنۆلۆژیای ئێران، وەرگێڕانی: شەریف فەلاح، پێداچوونەوەی: جەلیلی عەباسی، چاپی یەکەم، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە-چاپخانەی موکریان، هەولێر- هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، 2013ز.
رضی، هاشم/
96. زەردەشت و ئامۆژگاریەکانی، وەرگێڕانی: م. گۆمەیی، چاپی دووەم، چاپخانەی تیشك- سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، 2000ز.
زیهنەر، ر.س/
97. پوختەیەك لە بیروباوەڕی زەردەشتی یان فێرکاری موغەکان، وەرگێڕانی: ئازاد حەمە شەریف، چاپی یەکەم، میدیا بۆ بڵاوکردنەوە- هەولێر،هەرێمی کوردستانی عێراق، 2000ز.
شوانی، پرۆفیسۆر دکتۆر رفیق/
98. نەورۆز سەرەتای شارستانیەت و جەژنی نەتەوایەتی کوردە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق-عێراق، 2014ز.
عبدالرقیب یوسف/

99. شوێنەوارەکانی نەوێ لە شاخی سورێن، چاپی یەکەم، سلێمانی- هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، 1994ز
د.کەمال مەزهەر ئەحمەد/
100. چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی الادیب-بغداد، العراق، 1985ز.
کەیوان ئازاد ئەنوەر/
101. کورد لە چەند تۆمارێکی مێژوویی دا، چاپی یەکەم، سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق، 2004ز.
مردۆخ، شێخ محمدی/
102. مێژووی کورد و کوردستان، گۆڕینی لە فارسی یەوە: محمد فدا، چاپی یەکەم، چاپکراوەکانی گۆڤاری هیوا-بەغداد، عێراق، 1958ز.
د. موسا محەمەد خدر/
103. وێنەی کورد لە سەرچاوە مێژووییە فارسییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق، 2011ز.
هەورامی، د.محمد ئەمین/
104. جوگرافیای کوردستان لە ئاڤێستادا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس-هەولێر، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، ژمارە (490)، 2006ز.

**پێنجەم: بە زمانە ئەوروپاییەکان:**
105. Minorsky, V; Studies in Caueasian History, Try Lars Foreign Press, London, U.K, 1953A.C.
شەشەم: نامە زانستییەکان:
محمد امین رشید/
